مەنسوور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین

# هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی
# لە ئەزموونی
# شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیێت



**وەرگێڕانی: کامیل عەزیز**

**تایپکردنەوەی: سەروەت حامید**

**پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید**

مەنسوور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین

هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی
لە ئەزموونی
شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیێت

(گوتارێک لە سیمینارێکی حیزبیدا)

وەرگێڕانی: کامیل عەزیز

تایپکردنەوەی: سەروەت حامید

پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید

# هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت

ئەم بابەتەی کە دەیخوێننەوە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە قسەکەرانی سیمینارێکی ناوندیی حیزب بۆ بڵاوکردنەوە لە بۆڵتنی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێتدا ڕێکیان خستبوو.
مەبەستی قسەکەران ئەوەبوو کە ڕوانگەی دیاریکراوی خۆیان لێرەدا بخەنە ڕوو، لەبەر ئەوە تەنیا قسە و باسەکانی خۆیانیان بۆ بڵاوکردنەوە ڕێک خستووە، ئەو قسانەش کە لە دانیشتنێکدا، لە لایەن هاوڕێیانی ترەوە کرا، تەنیا لە وەڵامی قسەکەرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر چەندە لە هەندێک شوێندا، لە لایەن نووسەرانەوە دەسکاریکردن و چاککردن ئەنجام دراوە، بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەروەها شێوەی دەربڕینەکەشی، هەر ئەوەیە کە لە سیمینارەکەدا پێشکەش کراوە. ئەم سیمینارە لە مانگی کانونی یەکەمی 1986 دا ڕێک خرا.

**مەنسوور حیکمەت:**

سەرەتا پێویستە لە بارەی ئەو باسەوە کە من و هاوڕێ ئیرەج ئەمڕۆ پێشکەشی دەکەین چەند شتێک روون بکەمەوە. ئەو ڕوانگەیەی کە ئێمە لێرەدا هێڵە گشتییەکانی پێشکەش دەکەین، تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت تێدایە، کە ناچێتە ڕیزی نەریتی تا ئێستای چەپی ڕادیکاڵەوە. هەر بۆیە بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی پێویستی بە سەرفکردنی توانایەکی زۆر هەیە. بە تایبەتی ئەمە لە کاتێکدا، کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە واقیعەتێکی ڕادیکاڵەوە لەگەڵ مەسەلەی سۆڤێتدا مامەڵە بکەن، بە گشتی لەژێر کاریگەری ڕەخنەکانی تا ئێستای مەیلە جیاجیاکانی چەپی ڕادیکاڵ دان. باسەکەی ئێمە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەم



تێڕوانینانەدا هەیە و بۆ ئەوەی باشتر شی بکرێتەوە وا پێویست دەکات هەمیشە سنووربەندی ئەو لەگەڵ تێڕوانینە ڕادیکاڵەکانی سەردەمدا دیاری بکرێت.
لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە تێزەکانی ئێمە لە بارەی سۆڤێتەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باسی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە، بە بۆچوونی ئێمە، ئەم تێزانە ئەنجامگیرییەکن، کە مەیلێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەتوانێت لەسەر بنەمای تێڕوانینی گشتی خۆی لە بارەی ئەزموونی سۆڤێتەوە بەدەستیان بێنێت، مانایەکیش کە دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێت بیگەیەنێت جگە لە جەختکردنە سەر خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتی مارکسیزم و کۆمۆنیزم یانی چینی کرێکار شتێکی دیکە نییە.
بە داخەوە ئەمڕۆکە کۆمۆنیزم لە هەر سەردەمێک زیاتر ڕواڵەتی مەکتەبێکی فکری گرتۆتە خۆی، لە کاتێکدا کە چ لە ڕووی عەمەلییەوە لە بەشێکی گرنگی مێژووی خۆیدا و چ لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بزووتنەوەی ئامانجداری چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری واقیعی لە کۆمەڵدایە، ئەم خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی تەنیا لە هەنگاو هەڵگرتن لە تیۆری مارکسیزمەوە بۆ پراتیکی حیزبی و سیاسی نایەتە گۆڕێ، بەڵکوو دەبێ لە هەمان ئەو تێڕوانینە تیۆرییانەی ئەمڕۆی ئێمەدا بۆ مەسەلەکانی خۆشمان دەرکەوێت. لە مارکسیزمی بەناو ڕادیکاڵی مەکتەبیدا، چینی کریکار دەستەواژەیەکی تەجریدییە، سۆسیالیزم و خەباتی چینایەتی دەستەواژەیەکی تەجریدین، لە مارکسیزمی واقیعیدا یانی لە کۆمۆنیزمی کرێکارییدا ئەمانە پەیوەندی و دیاردەی واقیعی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت، ڕەخنە لە یەک پرۆسەی مێژوویی واقیعیی خاوەن هێزی هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا، دەبێت بتوانین ئەم مێژووە واقیعییە بەپێی

دینامیزمی بابەتی ئەو و جم و جووڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمە دیاریکراوەدا لە بەرچاو بگرێت و هەڵبسەنگێنێت.

لەم ڕووەوە ئێمە هەست بە جیاوازییەکی قوڵ دەکەین لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە ئەزموونی سۆڤێت ناسراوە. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت ناچێتە ریزی نەریتی ڕەخنەی ڕادیکاڵی تا ئێستاوە. ئەو نەریتەی کە بە خەیاڵی خۆی پێی وایە بەو ڕادەیەی کە بتوانێت ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئەزموونی واقیعی و ئەحکامە لە پێشدا دارێژراوەکانی خۆیدا هەیە وەبیر بێنێتەوە، بەو ڕادەیەی کە بتوانێت زیاتر حاشا لە خەسڵەتی پرۆلیتێری لایەنە جیاجیاکانی شۆڕشی ڕوسیا بکات، بە هەمان ڕادە، لە مارکسیزم و ئۆرتۆدۆکسی مارکسیزم نزیکتر بۆتەوە. وە یا هەر بەو ڕادەیەش ڕەخنەی `قوڵتر`ی لە مەسەلەکە گرتووە.

تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناتوانێت بە هەمان سادەیی و بەو سەرپێیییەی کە ڕەخنەگرە ڕادیکاڵەکان لە شۆڕشی بۆلشەڤیکی، لە بابەتی کۆمۆنیزمی چەپ، چەپیتر ڕەخنە لە ئەزموونی سۆڤێت دەگرن، مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات. ئەم ئەزموونە بەرهەمی پراتیکی چینێکی ملیۆنییە، چینێک کە بەو باوەڕەوە، خەریکە لە پێناوی قازانجە چینایەتی و ڕزگاریخوازەکانی خۆیدا تێدەکۆشێ، دەستی دایە ئەم پراتیکە. پێشڕەوترین چین و ڕێکخراوی کرێکاری بە درێژای چەند دەیە بۆ شکڵدان بەم شۆڕشە تێکۆشاون. ئەمە شۆڕشێک بوو کە مۆری خۆی نەک تەنها بە چارەنووسی بزووتنەوەی کرێکارییەوە، بەڵکوو بە چارەنووسی تەواوی دنیای هاوچەرخی خۆیەوە نا. ناکرێ ئەم ئەزموونە تەنیا بە پێوانەی پوختەیی ئایدیۆلۆژیکی و ئوسوڵییەتی ڕابەرایەتییەکەی لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵبسەنگێنرێت، تاکوو هەر ئەوەندە بەس بێت، کە ئەوەی دووەمیان لەکەیەکی بەرکەوێ تا هەموو ئەو ئەزموون و پراتیکە پوچەڵ بێتەوە.

تەنیا هێزە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان (هێزە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی تر) دەتوانن پراتیکی چینایەتی چینی کرێکار پوچەڵ بکەنەوە و



کاریگەرێتی بسڕنەوە. ناکرێ تەنها ناپوختەیی تیۆری و ڕێک نەهاتنەوەی ئەزموونێکی مەزنی بابەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ نموونە و ئەحکامە لە پێش دارێژراوەکان بۆ حاشاکردن لەو ئەزموونە بەهانە بێت. ئێمە دەبێت بتوانین ئەوە نیشان بدەین، لە سایەی چ هەلومەرجێکی دیاریکراودا و لەگەڵ کام یەک لە هێزە مادی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕابوونی مەزنی چینی کرێکار تێک شکێنرا.

بەو پێیە هەر لەو کاتەدا کە ڕەنگبێ ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت بە لای چەپی "ڕادیکاڵ"ی ئەمڕۆوە، بە ڕادەی پێویست نەیەتە بەرچاو، بەڵام بە بڕوای خۆمان ئەو ڕەخنەیە ڕادیکاڵترین تێڕوانین لەو ئەزموونە دەخاتە ڕوو. لە ڕاستیدا یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەی ئێمە ئەوەیە، کە ڕەخنە ڕادیکاڵەکانی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت شتێکی زیاتر لە حاشاگەراییەکی مەکتەبی لە لایەک و **دیموکراتیزمی ڕادیکاڵ** لە لایەکی ترەوە نانوێنێت، لە کاتێکدا کە ڕەخنەیەکی بە ڕاستی ڕادیکاڵ تەنیا دەکرێ ڕەخنەیەکی پرۆلیتێری و سۆسیالیستی بێت و ئەوەش ئەو ڕەخنەیەیە کە ئێمە مەبەستمان دەرخستنی هێڵە سەرەکییەکانێتی لێرەدا.

## هێڵ و سەردێڕە ئەسڵییەکانی ئەم باسە

ئەم باسە لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:

1_ خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی و تێزە سەرەکییەکانی باسەکە. ئەم بەشەیان من پێشکەشی دەکەم.

2_ لێکۆڵینەوەی وردتری هەندێک مەسەلەی گرێیی. هاوڕێ ئیرەج ئازەری ئەم بەشە پێشکەش دەکات.

3_ شیکردنەوەی زیاتری باسەکە لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیار و بۆچوونانەی کە لێرەدا دێنە ئاراوە.

لە بەشی یەکەمدا کە بابەتی باسەکەی منە، دەچمە سەر ئەم دێڕانە:

**1_ خاڵی حەرەکەتی میتۆدۆلۆژیکی ئێمە: ڕەخنەی سۆسیالیستی یان دیموکراتیک**

تەواوی ڕەخنەی تا ئێستا لەوەدا کە تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم وەک شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، لێکچوون و نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ڕیڤیژینیزمی ڕوسیدا هەیە، بە ناچاری ڕەخنەی خۆیان لەسەر مەسەلەی **دیموکراسی** چڕ کردووەتەوە. لەبەر ئەوە ناتوانێت مەسەلەی ناتەبایی پرۆلیتاریای سۆسیالیست لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا ڕوون بکاتەوە. ئێمە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵ_ دیموکراتیکەدا ڕەخنەی پرۆلیتێری سۆسیالیستی دادەنێین.

**2_ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی شۆڕشی ڕوسیا**

ناکرێ شۆڕشی ڕوسیا تەنیا لە چوارچێوەی مێژووی ناوخۆیی مارکسیزمدا ڕوون بکرێتەوە و لێک بدرێتەوە. ئەمە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە،، شۆڕشێکە لە جەرگەی کۆمەڵگایەکدا بە مانای فراوانی وشەکە، بەو ڕەوەندە مادییە دیاریکراوانەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا دەچێتە پێشەوە. لەبەر ئەوە لە لێکدانەوەی چارەنووسی ئەم شۆڕشەدا ناتوانین بە ڕوونکردنەوەی مەکتەبییەوە بوەستین وە یان تەنانەت بە تەنها لە پراتیکی چینی کرێکار وردبینەوە. دەبێت پراتیک و حەرەکەتی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسە مادییەکان لە سەراسەری کۆمەڵدا لە بەرچاو بگیرێت، شۆڕشی ڕوسیا خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مادی کۆمەڵدا، نەک تەنیا قۆناغێک بێت لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی یان لەوەش مەحدودتر قۆناغێک بێت لە مێژووی ناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و مارکسیستیدا.

**3_ زەمینە فکرییەکانی داڕوخان و شکستی شۆڕشی کرێکاریی لە ڕوسیا**

لەم بەشەدا دەچینە سەر ئەو لاوازییە تیئۆریکییە سەرەکییانەی کە ڕێیان لە پێشڕەوی و سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕوسیادا گرت.



**4_ گرێ ئەسڵییەکان لە ئەزموونی سۆڤێتدا**

لەم بەشەدا دەچینە سەرلیستێک لە مەسەلە گرێییەکان کە هەر هەڵوێستگرتنێک لە بەرامبەر ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت وەڵامی خۆی بەوانە بخاتە ڕوو. ئەم لیستە ئەگەر بمانەوێ کامڵ بێت ئەوا دوور و درێژ دەبێت. ئێمە دەچینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1_ خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەتی سۆڤێت پاش شۆڕشی ڕوسیا.
2_ ئابووری و سیاسەت لە دەورەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و پەیوەندی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا.
3_ مەسەلەی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" چ وەک کێشەیەکی تیئۆریی گشتی و چ وەک مەسەلەیەکی دیاریکراو لە شۆڕشی ڕووسیادا.
4_ هەڵسەنگاندنی ماهیەتی شۆڕشی ئەمڕۆ.
5_ مەسەلەی بیرۆکراسی، گەندەڵبوونی حیزب، باڵادەستبوونی ڕیڤیژینیزم، دیموکراسی دەروون حیزبی و سەرجەم دەورەکانی ڕەخنەی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت.
6_ دەرسەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## ڕەخنەی دیموکراتیک یا سۆسیالیستی

من وتم کە ئامانجی ئێمە لەم تێزانەدا، خستنە ڕووی ڕەخنەیەکی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێت، لەسەر وشەی "سۆسیالیستی" جەخت دەکەم، چونکە لەو باوەڕەدام بەشی زۆری ڕەخنەی تا ئێستا سۆسیالیستی نییە، بەڵکوو ڕەخنەیەکی دیموکراتیکە کە بە ڕێگای جیا جیا لە قاڵبگەلی ڕادیکاڵدا نیشان دەدرێت. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە، لەوە بگەین کە تەنانەت ڕادیکاڵترین ڕەخنەی دیموکراتیکی مەوجود لە ئەزموونی سۆڤێت، یانی ئەو ڕەخنانەی کە لادانەکانی حیزب، کەموکوڕییەکانی و تێڕوانینە تیۆری و ئایدۆلۆژییە هەڵەکان لە حیزبدا

و شێوەی پێکهاتی دەوڵەتی دوای شۆڕش و کردەوەکانی دەوڵەتی سۆڤێت لە مەیدانی نێونەتەوەیی و هی تردا، دەکاتە بناغەی شیکردنەوەی خۆی، نە تەنیا بنەڕەتیترین خاڵی گرنگ و جێگای باس لە ئەزموونی سۆڤێتدا، یانی ئەوە کە **بۆچی کۆمەڵی سۆسیالیستی لە سۆڤێت دانەمەزرا، بۆچی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە سۆڤێت بەرپا نەکران،** وەڵام ناداتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامیشدا ناتوانن ڕەخنەی ماتەریالیستی تەنانەت لەو لایەنانەش بگرن کە خۆیان قامکی لەسەر دادەنێن (هەر ئەوانەی کە ئاماژەم پێ کردن) لەم ڕەخنانەدا بە گشتی وا دێتە بەرچاو کە ئەم جۆرە لادانانە وەک نەخۆشییەکی ڤایرۆسی لە جێگەیەکەوە دەست پێ دەکات و زیاد دەکات تا هەموو شتێک خراپ دەکات و دای دەڕزێنێت. لە کاتێکدا تەواوی کەڵکی ماتەریالیزمی مێژوویی و تەواوی میتۆدۆلۆژی مارکسیزم لەوە دایە کە توانیویەتی پایە مادییەکانی گۆڕانکارییە سەرخانییەکان یانی گۆڕانکاری فکری، سیاسی، ئیداری، حقوقی و ... هتد. لە کۆمەڵدا شی بکاتەوە. کاتێ دیدگایەک نەتوانێ ئاماژە بە پایەی ئابووری و مادی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بکات، بێگومان لێکدانەوەکەشی سەبارەت بە خودی ئەم گۆڕانکارییانە کەموکورت و ناتەواوە.

**تەوەرەی ڕەخنەی سۆسیالیستی بریتییە لە مەسەلەی گۆڕانی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیە لەپاش شۆڕش.** ئەمە گیانی مارکسیزمە و بە ڕای ئێمە ڕەتکردنەوەی ئەم حوکمە پێشاندەری مەوقیعەتێکی نامارکسیستییە. ڕەتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، واتە ئەو بابەتەی، لە ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت بخرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، **مەسەلەی گۆڕانی ئابووری** کۆمەڵی پاش شۆڕشە، لە حوکمی وەلانانی هەموو مەسەلەکەدایە. بۆچی؟

یەکەم :لەڕوانگەی چینی کرێکار و مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی **ئابوورییە** و تەنیا لەسەر ئەم بناغەیە ئەتوانێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بێت. ئەمە کە ئەم خاڵە لە



مارکسیزمی دەورەی ئێمەدا ئاوا فەرامۆش کرا، ئەوەی کە مارکسیزم لە تیئۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتی، یانی گۆڕانی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ و مەوقیعەتی ئینسانەکان لە بەرهەمهێناندا، بۆ "زانست"ی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هێنراوەتە خوارەوە، خۆی بەرهەمی سودوەرگرتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری توێژە ناپرۆلیتێرییەکان لە مارکسیزم، وەک ڕوپۆشێک بۆ دەربڕینی قازانجە ناشۆڕشگێڕی و ناسۆسیالیستییەکانی خۆیانە. بنچینە و تەوەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئابووری کۆمەڵە. گۆڕانی ئابووری نە بە مانای گۆڕانی چەندایەتی بەرهەمهێنان. بەڵکە بەو مانایەی کە مارکس بەکاری دەهێنێت، یانی گۆڕانی **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان** (گۆڕانێک کە حەتمەن زیادبوونی خێرای توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵیش بەدی دێنێت). ئەمە ناوەڕۆکی تیئۆری مارکسیزم و بناغەی شۆڕشگێڕیتی پەیگیرانەی مارکسیزمە، چونکە مەسەلەی دیموکراسی، لابردنی هەڵاواردنی حقوقی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابووری نێوان ئەفراد و توێژەکان و نەتەوەکان هیچ کامێکیان بیروباوەڕی نوێ و تایبەت بە مارکسیزم نین. ئەمانە ئامانجە دێرینەکانی مرۆڤن، ئەوەی شوێنێکی تایبەتی دەداتە مارکسیزم، بەستنەوەی ئەم ئامانج و خواستانەیە بە ڕوخاندنی **ڕژێمێکی ئابووری** دیاریکراوەوە، کە لە بەرهەمێنانی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمەدا هەیەتی. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرەنجامی خەباتی ئەم چینە لە دژی پەیوەندییە چەوسێنەرانە چینایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە. یانی سەرمایەداری خەباتێک کە تەنیا بە لەناوبردنی موڵکایەتی بۆرژوازی و دامەزراندنی موڵکایەتی سۆسیالیستی (کۆمەڵایەتی) بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی بەدەست دێنێت. ئەگەر ئەمە لە مارکسیزم دەربێنین، ئیتر شتێکی تازە و تایبەت لەودا نامێنێتەوە. مارکسیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەتوانێت لە وەڵامی ئەو ئامانجە یەکسانیخواز و ئازادیخوازانەیەی بەشەردا، ڕێگای واقیعی یانی لەناوبردنی

**سەرمایەداری** وەک ڕژێمێکی ئابووری و دامەزراندنی سۆسیالیزم دیسان بەر لە هەر شتێک وەک ڕژێمێکی ئابووری تەرح بکات و هێزی چینایەتی کۆمەڵایەتی واقیعی ئەم گۆڕانکارییە هەر لە هەمان کۆمەڵدا دەستنیشان بکات. مارکسیزم بە ڕۆشنی دەیسەلمێنێت، کە بەدەر لە گۆڕانکارییەکی ئاوا لە ژێرخانی **ئابووری** کۆمەڵدا، ئەم ئامانجانە بێبەری ئەبن لە پایەکی مادی بۆ جێبەجێبوونی جیدی خۆیان. بەم پێیە ئاشکرایە لە ڕوانگەی چینی کرێکار و لە ڕوانگەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەوە، هەر شۆڕشێکی سۆسیالیستی و (هەر وەها شۆڕشی ئۆکتۆبەریش) دەبێت بە پێوانەی چەند و چونی بە ئەنجام گەیشتنی ئەم ئامانجە محوەرییەی دادوەری بکرێت. لە یەک ڕستەدا، دەبێت شکستی شۆڕش بە هەمان ئەو سەنگی مەحەکە هەڵبسەنگێنرێ کە سەرکەوتنەکەی پێ هەڵدەسەنگێنرێ، یانی مەسەلەی ڕوخاندنی سەرمایەداری وەک ڕژێمێکی بەرهەمهێنان.

بەم پێیە بە باسی شۆڕشی ڕوسیا و ئەنجامەکانی، دەکرێ و دەبێت لە دەوری ئەم مەسەلەیە چەق ببەستێت، کە چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە، **نەبووە هۆی** گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا. چی ڕووی دا و بووە هۆی ئەوەی کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تا گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دامەزراندنی موڵکایەتی سۆسیالیستی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا درێژەی نەکێشا. ئەمە بناغەی ڕەخنەی پرۆلیتێری و سۆسیالیستی ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیایە وەک شۆڕشێکی کرێکاری. بەم پێیە ئێمە هەر لە ئێستاوە جەخت دەکەینە سەر جیاوازی قووڵی (وە بە ڕای ئێمە چینایەتی) دیدگای خۆمان لەو دیدگایانەی کە (لە توانادانەبوونی) گۆڕینی ئابووری کۆمەڵی ڕووسیا لە پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە دەکەنە بناغەی شیکردنەوەی خۆیان. جا چ بە ناوی فۆرمۆلبەندی "پێویستیی شۆڕشی جیهانی"یەوە بێت وە یان بە ناوی "دواکەوتوویی ڕوسیا"و



شتی ترەوە بێت. چونکە ئەم ڕوانگانە هەر لە بنەڕەتەوە فەلسەفەی بوونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیادا ڕەت دەکەنەوە.

دووەم: باسی ئابووری لە ڕوسیا تەورەی ڕەخنەی سۆسیالیستییە، چونکە تەنیا لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانێت هۆیەکانی داڕووخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی شۆڕش ڕوون بکاتەوە (وەکوو، بیرۆکراتیبوونی پێکهاتی دەوڵەت، لەکەداربوون و شێوانی لایەنگری و کارکردی چینایەتی حیزبی، گیروگرفت و لادان لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتی سۆڤێتدا، پاشرەوییە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی دوای پێشڕەوییە سەرەتاییەکانی شۆڕش لەم زەمینانەدا و هی تر). بە ڕای ئێمە هۆیەکانی ئەم گۆڕانکارییە ناشایستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکییانە (وە لە یەک وشەدا، سەرخانییانە) تەنها دەکرێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانەی کە ڕێیان لە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی **شێوازی ئابووری** لە ڕوسیا گرت. بە دروستی لێک بدرێتەوە. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پاراستنی لە لایەن چینی کرێکارەوە هەنگاوی یەکەمە لە شۆڕشی پرۆلیتێریدا. بەڵام ئەم دەسەڵاتە بەدەستەوەگیراوە هەر بەو جۆرەی کە ئەنگڵس جەختی لەسەر دەکات، "پێویستە بخرێتە خزمەتی سەرکوتی سەرمایەدارانی دوژمنی چینی کرێکار و ئەنجامدانی ئەو **شۆڕشە ئابوورییەی** لە کۆمەڵدا بەدی دێت کە بە بێ ئەوە، **هەموو سەرکەوتنەکە**، بە شکست و کوشتاری چینی کرێکار کۆتایی دێت، هەر وەکوو کۆمۆنەی پاریس سەلماندی." (ئەنگڵس بەبۆنەی مەرگی مارکسەوە). دەبینین کە ئەمە حوکمێکی سادە و شتێکی بەڵگەنەویستە لە مارکسیزمدا. هەڵبەتە مارکسیزمێک کە لە لایەن چینە غەیرە پرۆلیتێرییەکانەوە دەستکاری و تەحریف نەکرابێت، ئەحکامە ڕۆشن و زیندووەکانی بەو شێوەیەی ئێستا، گیرۆدەی تەفسیراتە نارۆشن و بێ ناوەڕۆکەکانی چەپی غەیرە پرۆلیتێری نەبوبێت. مەسەلەکە ئابەم ڕۆشنییەیە. ئەگەر کرێکاران نەتوانن پاش دەسەڵات بەدەستەوەگرتن ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ بگۆڕن، شۆڕشەکەیان بە

ئەنجام ناگات. لە دواییدا بێجگە لە کوشتاری خودی چینی کرێکار، ئەنجامێکی دیکەی نابێت. ئەنگڵس جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕوداوەکانی پاش کۆمۆنی پاریس ئەم ڕاستییەیان بە تاقیکردنەوە نیشان داوە. ئەوەی کە لە ڕوسیادا لە ڕاستیدا لە هەمان ڕستەی ئەنگڵسدا وتراوە، تەنیا جیاوازی لەوەدایە کە کوشتاری چینەکە، لە لایەن هێزە سەربازییەکانی دوژمنێکی ئاشکراوە، لە یەک ڕۆژی دیاریکراو بە داگیرکردنی ئەم یان ئەو شار و شتی تر، ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە میانەی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و ئاڵۆز، لە بەرەی جیاوازدا ڕووی دا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجام هەر هەمان شت بووە، شکست و کوشتاری چینی کرێکار. ڕەهەندەکانی ئەم شکست و کوشتارە لە دەورانی پاش کۆمۆنی پاریس کەمتر نەبوو. ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین ئەنجامی ئەم ڕاستییەیە کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو لە ڕوسیا، نەیتوانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی زەروری لە پایە ئابوورییەکانی کۆمەڵدا ئەنجام بدات. نەیتوانی شۆڕشی ئابووری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. داڕوخانی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئیداری شۆڕشی ڕووسیا، ئاکامی بێتوانایی ئەو شۆڕشە بوو لە بەدیهێنانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لە **ئابووری** کۆمەڵدا، ئەمە حوکمێکی بنەڕەتییە لە ڕوانگەی ئێمەدا، ئەمە دەرسی بنەڕەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە بۆ ئێمە. ئەمە خاڵی حەرەکەتی ڕەخنەی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێتدا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا، کە لێکدانەوەی ئەزموونی شوورەوی لە سەرهەڵدانی بیرکراتیزم و داڕوخانی سیاسی و نەزەری حیزب و دیاردەکانی تری پەیوەست بە مەیدانەکانی سەرخانی کۆمەڵ و شۆڕشەوە حەرەکەت دەکەن، جیاوازی میتۆلۆژی جیدیمان هەیە. بە بڕوای ئێمە ئەو کێشە و دیاردانە ئەنجامی پرۆسەی ڕاوەستان و داڕوخانی شۆڕشی ڕوسیان، نەک هۆیەکانی.



ئەمانە بەشێکن لە واقیعەتێک کە دەبێت ڕوون بکرێتەوە نەک ئامرازی شیکردنەوەی ئەم واقیعەتە. ڕوونکردنەوەی ئەزموونی شکستی شۆڕش بەم جۆرە فاکتەرانە وەک ئەوە وایە، ئەنجام بە هۆی ڕوون بکرێتەوە. ڕێک وەک لێکدانەوەی هۆیەکانی پەیدابوونی نەخۆشییەک، بە دیاردە و نیشانەکانی خۆی. ئەوەی کە وتمان دەبێت خاڵی سەرەکی دەستپێکی ئێمەی لەم باسەدا ڕۆشن کردبێتەوە.
لە درێژەی باسەکەدا دەکرێ ئەم خاڵانە زیاتر باس بکرێن.

## چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە بار و دۆخ و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، وەک قۆناغێک لە مێژووی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵی سەرمایەداری بە گشتی و کۆمەڵی ڕوسیادا بە تایبەتی شکڵی گرت. لێکدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چوارچێوەی مەحدودی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، وەک قۆناغێک لە ڕەوتی چوونە پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیە و وەک ئەنجامی درێژەی ئەم بزونتنەوەیە لێکدانەوەیەکی ناتەواوە. چ شکڵگرتن و ڕودانی شۆڕش، چ پرۆسەی داڕوخانەکەی دوایش دەبێت لە ئاستی کۆمەڵگە و مێژووی واقیعی هاوچەرخی خۆیدا لێک بدرێتەوە، نە تەنها توخمی زەینی کارای شۆڕش، بەڵکوو کۆمەڵێک شێوازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی چینایەتی، نە تەنیا چینی کرێکار و ئاوات و ئامانجەکانی، بەڵکوو مەوقیعیەت و خواستەکان و ڕەوتی حەرەکەتی هەموو چینە سەرەکییەکان لە کۆمەڵدا ڕەچاو کرابێت. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیادا سەرکەوتایە و کۆمەڵێکی نوێی سۆسیالیستی بەرپا بوایە، ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ دابڕانێکی بنەڕەتی لە مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی ڕوسیادا ڕووبەڕوو دەبووین. بار و دۆخێکی کۆمەڵایەتی بە هەموو پایە مادی و ڕەوەند و هێزەکانییەوە نەفی دەبووەوە و بار و دۆخێکی نوێ لەسەر بناغەی

دینامیزمی نوێ و ئاوات و ئامانج و ئەولەوییەتی نوێ شکڵی گرت. بەڵام **شکستی شۆڕش** ئیتر ئەو شۆڕشە دەخاتە ئاستی گەشەی مێژوویی کۆمەڵی پێش شۆڕش و پەیوەست بەوەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ناتوانرێت مەسەلەکە بەم شێوە سادەیە تەرح بکرێت: یا سەرکەوتنی چینی کرێکار، یا شکستی چینی کرێکار. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی بوو. حەتمەن سەرکەوتنەکەی دەورانساز دەبوو، بەڵام شکستەکەش جێی مێژوویی خۆی لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵی تا ئێستادا پەیدا کردووە. بە دەربڕینێکی تر، شۆڕشی کرێکاری شکستخواردوو هەر چۆنێک بێت، دەور و قۆناغێکی پڕ بایەخە لە مێژووی کۆمەڵایەتی ڕوسیادا. شۆڕشی شکستخواردووی دژی سەرمایەداری، دەبێت بە ئەڵقەیەک لە گەشەی سەرمایەداری زەڕبەخواردووی شکست نەخواردوو، وە بەم شێوەیە پەیوەست دەبێت بە جەرگەی مێژووی کۆمەڵایەتی پێش خۆیەوە. بە هەر حاڵ شکستی شۆرشی ڕوسیا خاڵێکی گەشەی کۆمەڵایەتی بۆرژوازییە لە ڕوسیادا.

**تێڕوانینی کۆمەڵایەتی** لە بەرامبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، یانی دەرککردنی چوارچێوە **کۆمەڵایەتییەکەی** لە شیکردنەوەی ئێمەدا جێگەیەکی گرنگی هەیە. دواتر دەچمە سەر بەدەستهێنانی ئیستنتاجاتی موشەخەستری لەم باسەدا. بەڵام هەر لێرەدا پێویستە بە کورتی ئاماژە بە گرنگی ئەم شێوە مامەڵەیە لە ناسین و لێکدانەوەی مەسەلەی سۆڤێتدا بکەم، "شۆرش" تەنانەت شۆڕشێک بە مەزنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ڕوداوێکە لە **کۆمەڵدا**. کۆمەڵ ئەو دیاردە مەزن و هەمەلایەنەیە، کە شۆڕش دروست و پێویست دەکات، سنوورەکەی دیاری دەکات و میکانیزمی زاڵ بەسەریدا پێک دێنێت. لە ڕاستی بە لێکدانەوەی کۆمەڵ دەکرێ شۆڕش بناسرێت و درک بکرێت. ئەم حوکمە زۆر سادە و بەڵگەنەویست دێتە بەرچاو، بەڵام گەڕانەوە بۆ **کۆمەڵ** و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی لێکدانەوەی حەرەکەتی ئینسانەکان، بەردێکی بناغەیی مارکسیزمە. ئەم حوکمە



سادە مارکسیستییە لە تەفسیرەکانی چەپە ڕادیکاڵەکان لە مەسەلەی سۆڤێتدا زۆر فەرامۆش کراوە. بەرئەنجامی شۆڕش هەر چییەک بوو، بەرەنجامێک نەبوو لە خودی شۆڕشدا، بەڵکوو بەرئەنجامی کاریگەری شۆڕش **لەسەر کۆمەڵی ڕوسیا** بوو. کاتێک دەربارەی شۆڕش دەدوێین، دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، کە خەریکین قسە لە سەر ڕوداوێک دەکەین، کە لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و فراواندا ڕوی داوە.

شۆڕش کۆمەڵ داناڕێژێت تا میکانیزمەکان و دینامیزمە سەربەخۆکانی خۆی بکاتە بناغەی حەرەکەتی مێژوو، بە پێچەوانەوە شۆڕش بەرەنجامی میکانیزمەکان و دینامیزمە کۆمەڵایەتییەکانە. کاتێک کەسێک بۆ نموونە لە پڕ چینێکی دەسەڵاتداری تازە لەسەر بناغەی (بیرۆکراسی) لە ڕوسیادا کەشف دەکات، ئەوە خەریکە کۆمەڵ دەکاتە بەرەنجامی شۆڕش. لە لێکدانەوەی مارکسیستیدا شۆڕش ئاستێکە لە دژایەتی و ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان. لە لێکدانەوەی ناکۆمەڵایەتی و ناماتریالیستی چەپی ڕادیکاڵدا، چینە کۆمەڵایەتییەکان زادەی شۆڕشن. یا کاتێک کەسێک ناکۆکی چینایەتی بنچینەیی لە بەرەبەیانی شۆڕشی (17)دا بە مەیلی خۆی دەکات بە دژایەتی پرۆلیتاریا و توێژە لاوەکییەکان، ئەوە خەریکە کۆمەڵ بکاتە شوێنکەوتەی شۆڕش. لە مارکسیزمدا شۆڕش ڕەنگدانەوەی بوونی قڵشت و جەنگی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانە، کە زادەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ بەسەر کۆمەڵدان. لە چەپی ڕادیکاڵدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بە ویستی شۆڕش پاش و پێش دەکرێن و دەسڕێنەوە و دەخوڵقێنرێن. حەتمەن ئەو شۆڕشە سۆسیالیستە سەرکەوتووەی کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی بگۆڕێت، کۆمەڵ و چینە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگۆڕێت. بەڵام تەواوی توانای خوڵقێنەری شۆڕشی سۆسیالیستی بریتییە لە هەمان ئەم گۆڕینەی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئەو کەسەی کە قسە نەک لە شۆڕشێکی سەرکەوتوو، بەڵکوو لە شۆرشێکی نیوەوناچڵ، سەرنەکەوتوو وە یان

شکستخواردوو دەکات، کەسێک کە ئەوەی قبوڵ بێ کە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە شێوازی بەرهەمهێناندا بەدی نە هاتووە، ئیتر ناتوانێت کۆمەڵی واقیعەن مەوجوودی تا ئێستا لە شیکردنەوەی خۆیدا وەلا بنێ و دەست بداتە لێکدانەوەی شۆڕش لەسەر بناغەی خودی شۆڕش. ئەمە ئیتر زیهنیگەرایی و پشتکردنە لە تەواوی ماتەریالیستی مێژوویی مارکس.

تێڕوانینی **کۆمەڵایەتی** لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕێگەی ئەوەمان ئەدات کە لە لێکدانەوەی دینامیزمی حەرەکەتی شۆڕشدا، هەر وا بە ماتەریالیزمی مێژوویی وەفادار بمێنینەوە، فاکتەرە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکان وەکوو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دژایەتییە چینایەتییە واقیعییەکان و لێک پەیوەستەیی مێژوویی ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو لانەدەین و بە تایبەتی لە زەمینەکانی پەیدابوونی شۆڕش و هەروەها لە ڕەوتی دیاریکراوی درێژەی ئەو شۆڕشە لە دوای ئۆکتۆبەریش، گرێوگۆڵە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە کارسازەکانی خەباتی چینایەتی و دینامیزمی واقیعی حەرەکەتی کۆمەڵ بە ڕێگای شۆڕشدا بناسین. لەم بەشەی باسەکەدا مەبەستی من ئەوەیە کە پەنجە بخەمە سەری، ئەو خاڵانەی کە مەسەلەی تەوەرەیی شۆڕشە لە ڕوسیادا، مەسەلەیەک کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مومکن کرد و لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی دوایی ئەودا چارەنووسساز بوو. ئەم مەسەلەیە بە بڕوای من بەرامبەرکێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ڕوسیایە بە درێژایی 40_ 50 ساڵی پێش شۆڕش و دەساڵی پاش ئەو شۆڕشە لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەی ڕوسیا و ئاسۆی پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵگایە.

مێژووی ڕوسیا لە دەساڵەکانی پێش شۆڕشدا بە جیدی لەژێر کاریگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی دوو چینی سەرەکی کۆمەڵی سەرمایەداری، پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا بوو. دوو چین کە خۆیان لە یەک کاتدا، نە تەنیا بەرامبەر یەکتر، بەڵکوو لە بەرامبەر بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەردەمدا دەبینییەوە. دوو چین لە



بەرامبەر ڕوسیای تزاری دواکەوتوودا و بە قسەی لێنین نیوە فیئۆداڵیدا ڕاست دەبنەوە و لە هەناویدا گەشە دەکەن. هەر وەکوو دوو چینەکە لە بەرامبەر واقیعیاتی دواکەوتووی مەوجوددا، وێنای "ڕوسیایەکی ئاوەدان و ئازاد و پیشەسازی دەخەنە ڕوو". لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیتر بۆ هەموو کەسێک ڕۆشنە کە ڕوسیا توشی گۆڕانکاری جیدی دەبێت. ئەوە ڕوونە کە ڕوسیا دەبێت پێ بنێتە دەورەیەکی تازەوە. دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی ڕووسیا لەچاو تەواوی وڵاتە ئەوروپاییەکانی دا، دەبێتە مایەی ڕەخنە و نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە ڕوسیا.

بەڵام ئەوەی کە لە ڕەوەندی لەوە دوای حەرەکەتی کۆمەڵی ڕوسیادا دەوری بنەڕەتی دەگێڕێت، ئەو ڕاستییەیە کە ڕوسیای پاشکەوتوو، لە یەک کاتدا، لە دوو ڕوانگەی چینایەتی جیاوازەوە دەدرێتە بەر ڕەخنە. دوو ئاڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر کۆمەڵی ڕوسیادا دادەنرێت. ئاڵتەرناتیڤی دوو چینی جیاواز و دژ بە یەکی کۆمەڵایەتی. سەرمایەداری و سۆسیالیزم دوو ئاسۆی جیاوازن، کە نە تەنیا لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵکە هەر لە سەرەتاوە بە شیوەیەکی جیدیتر لە پاڵ یەکدا و بەڵام لە بەرامبەر ڕوسیای واقیعەن مەوجوددا دادەنرێت. تەواوی بۆرژوازی ڕوسیا خوازیاری پەیوەستبوونی ڕوسیا بەو شارێگەی شارستانییەتە سەرمادارییەوەیە کە ئەوروپای ڕۆژئاوای لە هەمان قۆناغدا خەریکە بەرهەمەکەی بە شادییەکی زۆرەوە دەنوێنێت. پرۆلیتاریای ڕوسیا بە شێوەیەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەژێر کاریگەری سۆسیال دیموکراتی ڕوسدا بانگەواز بۆ سۆسیالیزم دەکات.

واقیعیاتی کۆمەڵایەتی ڕوسیا پەیوەندی ئەو لەگەڵ کۆمەڵی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا و توانای ئەو وەک یەک دەوڵەتی ئیمپریالیستی و توانای نیزامی و هەروەها فراوانی ئابوورییەکەی بە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە توانای هاتنەدی مێژووی بەهرەمەند دەکات. لە ڕووی بابەتییەوە ڕوسیای دواکەوتووی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم **دەتوانێت** لەسەدەی بیستەمدا ڕوسیای سەرمایەداری، یان ڕوسیای

سۆسیالیستی بێت. پەرەسەندنی ئابووری لە سایەی هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکەدا عەمەلییە. هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو ئاڵتەرناتیڤە لە یەک کاتدا لە حاڵی بەسیج و کۆبوونەوەدان. ئاسۆی مێژووی هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە هەمان کاتدا لە کەلێنەکانی کۆمەڵی ڕوسیادا جێی خۆیان گرتووە و لە هەمان کاتدا پایەکانی ئاگایی شۆڕشگێڕانەیان لە ڕوسیادا شکڵ پێداوە. ڕەچاوکردنی چەند خاڵ لێرەدا پێویستە:

1_ لە ئارادابوونی بابەتییانەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی، بەم مانایە بوو کە ڕووە "هاوبەش"ەکانی دوو ئاڵتەرناتیڤی جیاوازی چینایەتی بۆ دەورەیەکی دوور و درێژ بەرجەستە دەبن و جەختیان لەسەر دەکرێتەوە. سۆسیالیزم و سەرمایەداری نزیکایەتییان لەگەڵ یەکدی نییە، بەڵام ئەگەر واقیعیەتی زاڵی پەیوەندییەکانی فیئۆدالی، تزاریزم، سەرکوت و جەهل بێت، ئەو دەمە توخمی مۆدێرنیزم لە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکەدا بە ناچاری بەرجەستە دەبێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێت. پرۆلیتاریا و بۆرژوازی هەر دووکیان دوژمنی ئەم دواکەوتووییە ئابووری و سیاسییەن. ئەم ڕووە هاوبەشانە نە تەنیا ئاشکرا دەکرێن، بەڵکە ئاگایانە بە تایبەتی لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوە جەختیان لە سەر دەکرێت. بە ڕادەیەک کە سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بە پێچەوانەی ناردۆنیزم، پلەیەک لە گەشەی سەرمایەداری لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم بە حەیاتی و پێویست دەزانێت. سۆسیال دیموکراتی چەندین جار ج لە ڕووی سیاسییەوە و چ لە ڕووی مشتومڕی فەرهەنگیدا، خۆی لە پاڵ خوازیارانی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازیدا دەبینێتەوە. جووتهاتنەوە لەگەڵ باسەکانی مارکسیزمی عەمەلی، لە بەرامبەر ئابووری ڕوسیادا، جووتهاتنەوە بە شێوەیەکی بەرجەستە مۆنشەڤیکەکان لەگەڵ بۆرژوازی لیبراڵی ڕوسیادا، هەر وەها ڕێزدانانی هەمیشەی ڕابەرانی سۆسیال دیموکراتی و لە نێویاندا بۆلشەڤیکەکان، لە قارەمانانی بۆرژوا دیموکراتی لە مێژووی ڕوسیادا،



شایەدی ئەم واقیعیەتەن. ئەم جووتهاتنەوانە، ئەگەر چی لە هەندێ قۆناغی مێژوویی تایبەتدا ناکرێت بەدی نەیەن، بەڵام بە هەر حاڵ لە ڕووی عەمەلییەوە بێجگە لە خاوکردنەوەی پرۆسەی لێک جیابوونەوەی تەواو و هەمە لایەنەی ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی بۆرژوازی لە کۆمەڵدا، مانایەکی تریان نییە، وە ئەنجامە سەلبییەکانی خۆیان هەر چۆنێک بێت لە دەورانێکی تردا، بە بۆچوونی من بە تایبەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدی دەهێنایەوە.

2_ ئەوە ڕوونە کە سۆسیال دیموکراسی ڕوسی زادەی پێشکەوتنخوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕوسیادا نەبوو. سۆسیال دیموکراسی بەرهەمی ڕوسیا و دیاردەیەکی ڕوسی نەبوو، ئەگەرچی کۆمۆنیزم ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتدا بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ناسیۆناڵ ڕیفۆرمیزمی خۆوڵاتی و دەربڕینیەتی لە قاڵب و دەستەواژەی وەرگیراو لە مارکسیزمەوە. بەڵام سەبارەت بە ڕوسیا پەیوەندی سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ ئۆردووی پرۆلیتێری نێونەتەوەییدا قوڵ بوو، وە خەسڵەتی نێونەتەوەیی و چینایەتی بە تەواوی دیاربوو. بەڵام بە هەر حاڵ سۆسیال دیموکراتی لە ڕوسیادا قاڵبێکی بۆ پێشکەوتنخوازی و میللی و ڕیفۆرمیستی ڕوسی بەدی دەهێنێت کە بە ناچاری بەشێکی گرنگ لە نارەزایەتی دژی تزاری بە تایبەتی لە لایەن توێژە وردەبۆرژواکانی کۆمەڵی دەگرتە خۆی. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی لە ڕەوەندی حەرەکەتی خۆیدا بەردەوام لەگەڵ ئەو واقیعتەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە کە ناسیۆنالیزم_ ڕیفۆرمیزم لە ڕیزەکانی خودی ئەم بزووتنەوەیەدا بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێتەوە و دەبێتە مەیلێک لە سۆسیال دیموکراسی ڕوسیدا. مۆنشەڤیکەکان بەرجەستەبووی واقیعی و مادی ئەم مەیلە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵی ڕوسیادا بوون.

بەڵام مۆنشەڤیزم تاقە چوارچێوەی دەرکەوتنی ئەم مەیل و تەمایولانە نەبوو. ململانێی پرۆلیتایا و بۆرژوازی لە ڕوسیا، ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەداری، بە بەرامبەرکێی نێوان سۆسیال

دیموکراسی کرێکاری ڕوسیا لەگەڵ نوێنەران و ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی ئاشکرا نەدەوەستایەوە. ئەم ململانێیە بەشیک لە دینامیزمی حەرەکەتی خودی سۆسیال دیموکراسی دەخولقاند و لەگەڵ خۆیدا لەتبوون و کێشمەکێشی جیاواز لە سەر تاکتیک و لە کۆتاییدا ململانێی چارەنووسساز لەسەر ئاسۆی شۆڕشی ڕوسیا، تەنانەت لە ڕیزەکانی خودی بۆڵشەڤیکەکان بەدی دەهێنا.
مەسەلەی شێوەی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشی 1905دا و جیابوونەوەی بۆڵشەڤیزم و مۆنشەڤیزم، مەسەلەی جەنگی جیهانی و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و مەسەلەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەڵوێستەکانی فراکسیۆنە جیاجیاکانی ناو خودی حیزبی بۆڵشەڤیک سەبارەت بە ڕەوەندی ئەم شۆڕشە، هەموو ئەمانە شایەدی ناوخۆییبوونی ئەم ململانێ چینایەتییە بوون. ئەم کێشمەکێشە لە هەموو حیزبە کرێکارییەکاندا بە پلەی جیاجیا هەبوو، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی لە بارەی ڕوسیاوە ئەوە بوو کە خاڵی گرێبەند لەم کێشمەکێشمەدا ڕووبەڕووبونەوە و بەرامبەرکێی ئاسۆ سەرەکییە چینایەتییەکان لە تەواوی کۆمەڵی ڕوسیا سەبارەت بە داهاتووی ڕوسیا و مەسەلەی پێشڕەویی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەودا بوو.
3_ بەم پێیە ئەوە ڕۆشنە کە مێژووی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و مێژووی شۆڕشگێڕییەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ڕوسیا، لە هەمان کاتدا مێژووی دابڕان لە کاریگەرییەکانی ئاسۆی بۆرژوا ناسیۆنالیزم و پێشکەوتنخوازی ڕوسییەیە. دابڕانێک کە بە ئیعتیباری جووتبوونی مێژوویی دژی تزاری لەگەڵ بۆرژوازیدا و هاوشانی لە مەحکەمکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئاستی بەرهەمهێنان و تەکتیکی نزمی کۆمەڵی ڕوسیا و هاوشانی مێژوویی لە ناڕەزایەتی بەرامبەر زوڵم زۆرەوە زەرورەتی پەیدا دەکرد. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی نە تەنیا وەک چوارچێوە و ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی سەرمایەداریی پرۆلیتاریا، بەڵکوو هەروەها وەک ڕەوەندێکیش



بۆ ناڕەزایەتی و پێشکەوتنخوازی هەموو خەڵکی بەدی هاتبوو. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەر تەنیا نوێنەری سۆسیالیزمی پرۆلیتاری و نێونەتەوەیی لە ڕوسیادا نەبوو. بەڵکوو جەمسەرێکی ڕاکێشەریش بوو بۆ "شۆڕشگێڕی کۆمەڵگەی ڕوسیا" و ئەم "شۆڕشگێڕی"یە لە ڕووی مێژووییەوە لە هەناوی ناڕەزایەتی ناسیۆنالیزم و دیموکراتیکەوە خولقا بوو، بەڵام ڕەوتی گەشە و جەمسەربەستنی چینایەتی کۆمەڵی ڕوسیا و هەروەها وردکردنەوە و پوختەکردنەوەی نەزەری و سیاسی زیاتری مارکسیزم لە ڕوسیا نەی دەتوانی سۆسیال دیموکراسی هەر وا دەست لێ نەدراو بهێڵێتەوە و تا سەر بە هەمان شێوە بیکا بە توخمی پێشڕەوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. مێژووی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی لە هەمان حاڵدا مێژووی جیابوونەوەی پرۆلیتاریا و ڕێبازی ئاسۆی پرۆلیتاری لە بۆرژوازی و ئاسۆی بۆرژوازییە.
ئەم ڕەوەندی جیابوونەوەیە دەورانی مێژوویی و خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسسازی هەیە، کە هەموومان پێی ئاشناین. جیابوونەوە لە نارۆدنیزم ڕەخنە لە نارۆدنیزم وەک سۆسیالیزمی خەڵکی ناپرۆلیتێری خاڵی سەرەتای پەیدابوونی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێر بوو. قسە و باسەکانی بەلشەڤیکەکان لە شۆڕشی 1905 لە مەڕ پەیوەندی چینی کرێکار بە دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشێکی بۆرژوازیدا و شێوەی مامەڵەی پرۆلیتاریا لەگەڵ بۆرژوالیبڕاڵدا، قسە و باس سەبارەت بە تایبەتییەکانی حیزبی پرۆلیتێری، شیکردنەوەی بۆڵشەڤیکەکان لەسەر زەوی و دەرکی بەلشەڤیکەکان لە کاریگەرییە مێژووییەکانی کۆنەپەرستی ئیستۆلیپینی لەسەر پێکهاتی ئابووری ڕوسیا و لە هەمووی گرنگتر هەڵوێستی بەلشەڤیکەکانە لە بەرامبەر جەنگی جیهانیدا، کە دەبوایە سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ بە بەرجەستەترین شێوە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی وەک مەیلێکی دژی کرێکاریی مەحکوم بکات. ئەمانە ئەو خاڵی وەرچەرخان و ساتە مێژووییە گرنگانە بوون کە چینی کرێکار و ڕێباز و ئاسۆی خۆی و

ئاڵتەرناتیڤی خۆی لە ئاسۆی بۆرژوازی جیادەکردەوە و وەک هێزێکی چینایەتی سەربەخۆ لە بەرامبەریدا دەوەستایەوە، ئەم ڕەوەندی دابڕانە پایەیەکی بنەڕەتی لینینزمە و کاتێک کە دەڵێین "لێنینزم لە قسە و باسە ئابوورییەکانی ساڵەکانی 24_ 28دا نوێنەرایەتی نەکرا، دەگەڕێینەوە سەر هەمان ئەم واقیعیەتە، یانی لێک جیاکردنەوەی بنەڕەتی و یەکجاری ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی بۆرژوازی و وونبوونی جیاکردنەوەیەکی ئاوا لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕوسیادا، لە کات و ساتێکدا کە ئەرکی بناغەیی شۆڕشی کرێکاری، واتە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداری یەکلا دەکرایەوە. بە هەر حاڵ ئێمە لەسەر ئەوە جەخت دەکەین خەباتی چینایەتی ڕوسیا ململانێی دوو هێزی بە تەواویی لێک جیا و جیاواز (لە ڕووی فکری، ئاسۆی سیاسی، ئاڵتەرناتیڤی عەمەلی)یەوە نەبوو. ململانێی دوو ئۆردوگای بە تەواوی لە یەک جیابووەوە و ڕیزبەستوو لە بەرانبەر یەکدا بوو.

خەباتی چینایەتی لە ڕوسیا پرۆسەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتبوو کە لەو پرۆسەیەدا ڕیزی پرۆلتاریا هەنگاو بە هەنگاو لە ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم و مۆدێرنیزمی سەنعەتیی بۆرژوازی ڕوسی جیا دەبووەوە. هەر وەک وتم مێژووی سۆسیال دیموکراتیی ڕوسی شایەدی ئەوەیە کە چۆن پرۆلیتاریای ڕوسیا بە ڕابەرایەتی بۆلشەڤیکەکان هەنگاو بە هەنگاو ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی ڕوسی دەشکێنێت و بیر و ئاوات و ئاسۆی خۆی لە بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەبینێتەوە و عەمەلی دەکاتەوە و چۆن لەم ڕێگایەوە بەرانبەرکێی دوو ئاڵتەرناتیڤی چینایەتی بۆ گەشەی کۆمەڵی ڕوسیا بەرجەستە دەبێت. بەم شێوەیە بناغەی باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە تا 1917 لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم جیابوونەوەیە لە ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە بە تەواوی ڕووی دابوو، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە، یانی لە ڕووی ئاسۆ و دوورنمای گەشەی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیای دوای تزاریزمەوە بە یەکجاری ڕووی نەدابوو. هیچ مشتومڕێکی



بنچینەیی سەبارەت بە مەسەلەی ئابووری کۆمەڵی دوای شۆڕش، کە لەودا ئاسۆی پرۆلیتاریا لە نوسخە بۆرژوازییەکانی پەرەسەندنی ئابووری ڕوسیا جیا کرابێتەوە و دیار و سەقامگیر بووبێت تا پێش شۆڕشی 1917 وجودی نییە. تێڕوانینی ئابووری تایبەتیی پرۆلیتاریا بە هەمان تواناوە کە تێڕوانینی سیاسی تایبەتیی ئەوە، بۆ نموونە، لە بارەی دەوڵەت، جەنگی ئیمپریالیستی، دیموکراسی، شتی ترەوە، ڕوون کرابۆوە و خرابووە ڕوو، نەکەوتبووە بەر باس. لەوانەیە بوترێت کە ئەم تێڕوانینە لە خودی بیری سۆسیالیزم وەک شێوازێکی نوێی ئابووری و لە بیری نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتیدا بە ڕادەی کافی ڕۆشن بووە. بەڵام لە ڕاستیدا گرێی مەسەلەکە هەر لێرەدایە. ئەو پێکهێنەرە سەرەکییانەی سۆسیالیزم کە لە زەینی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و دەروونی سۆسیال دیموکراسیدا بە گشتی زاڵە، بریتییە لە نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی وە بەرنامەڕێژی ئابووری، چەقبەستنی بەرهەمهێنان و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان. ئەمە هەمان ناوەڕۆکی ئەسڵی بیرکردنەوەی ئابووری سۆسیال دیموکراسی تا ئەو سەردەمە بوو کە هەر لە یەکەمین پرۆژەی بەرنامەی حیزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراسی ڕوسیادا کە لە لایەن "پلیخانۆف"ەوە ئامادە کرابوو تا دەگەیشتە قسە و باسەکانی ساڵەکانی 24_ 28 بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەردەخست. سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەمە ڕێک هەر هەمان دەربڕینە لە ئابووری سۆسیالیستی کە کەم و زۆر لە لایەن سۆسیال دیموکراسی ڕیفۆرمیستی ئەم سەردەمەوە، یانی میراتگرانی نێونەتەوەیی دووەم، پارێزراوە و تەوەری فۆرمۆلاسیۆنی بۆرژوازییە لە سۆسیالیزم. لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی سۆسیال دیموکراسی ڕوسدا، پرسگەلی تەوەرەیی سۆسیالیزم و شۆڕشی پرۆلیتێری لە مەیدانی ئابووریدا، گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، گەشەی پیشەسازی و بەدیهێنانی ئابوورییەکی مۆدێرنی پشتبەستوو بە بەرنامەڕێژی ناوەندەوەیە. هۆی ئەمە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا سەرمایەداری ئەوەندەی بە

فۆرمۆلاسیۆنە تیئۆرییەکانەوە دەگەڕێتەوە، زیاتر لە گۆشەی "پشێویی بەرهەمهێنان"ەوە دراوەتە بەر ڕەخنە، ئاساییشە کە ئانتی تێزی ئەم سەرمایەدارییە، ئەو ڕژێمە ئابوورییە بێتە بەرچاو، کە تیایدا بە کۆمەکی بەرنامەڕێژی کۆتایی بەم پشێویە هاتبێ. مەسەلەی بنەڕەتیتری سۆسیالیزم یانی، بەدیهێنانی ئەو **شێوازانە لە موڵکایەتی و کۆنترۆڵی ئابووری**، کە دەبێت مۆڵکایەتی بۆرژوازی نەفی بکاتەوە، یانی **کۆتایی بە کاری کرێگرتە بهێنێت** و سەرمایە بە هەموو شێوازەکانییەوە لەناوبەرێ و **ڕێک لەم ڕێگەییەوە** ڕێگەی گەشەی خێرا و سەرسوڕهێنەری هێزەکانی بەرهەمهێنان بکاتەوە، کەمتر لەبەر چاو گیراوە.

**موڵکایەتی سۆسیالیستی و لەناوبردنی کاری کرێگرتە**، لەچاو بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بنیادنانی ئابووری میللی بەرنامەڕێژکراودا بە تەواوی وەلا نراوە. دیارە دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم تێگەیشتنە لە ئەرکە ئابوورییەکانی شۆڕشی کرێکاری و ئەم تێنەگەیشتنە لە سۆسیالیزم، یانی زاڵبوونی بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەسەر بیری هەڵوەشاندنەوەی لە بنەوەی سەرمایەداری و موڵکایەتی بۆرژوازیدا، میراتێکی نێونەتەوەیی دووەم و دیترمینیزمی تەکنەلۆژیک و ئێۆلۆسیۆنیزمی* زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی ئەودا بوو، وە بە تەنها بار و دۆخی زەینی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی پیشان نادات.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزم وەکوو ڕژێمێکی ئابووری. ئەوەی کە من لێرەدا دەیخەمە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە سنووربەندی کرێکاری ڕوسیا و سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕی ڕوس لەگەڵ ئاسۆی ئابووری بۆرژوازی ڕوسیادا کە لە دواکەوتوویی ڕوسیای تزاری بێزار بوو، بەو جۆرەی کە پێویستە بە وردی و ڕۆشنی ئەنجام نەدرابوو. زۆر لایەنی

* ئێۆلۆسیۆنیزم: گەشەی قۆناغ و شێنەیی لە بواری دیاردەکاندا. (وەرگێڕ)



هاوبەش لە ئاسۆ ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا مابوونەوە. مۆدێرنیزمی ئابووری، گەشەی پیشەسازی و تەنانەت تەمەرکوزی ئابووری و بیری بەرنامە هەموو ئەمانە دەیانتوانی بەشەکانی پلاتفۆرمی ئابووری بۆرژوازی گەورەی ڕوسیا بن، کە بە هەر حاڵ دەبوایە بە هەوڵێکی گەورە و جیدی وە حەتمەن بە ڕەفتار و شێوەی جیاواز لەگەڵ ئابووریی چاودێریکراودا، دواکەوتوویی خۆی پڕ بکاتەوە. (دوای شۆڕشی ڕوسیا و بە بینینی گەشەی خێرای ئابووری بە بەرنامە لەم وڵاتەدا، لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا **بۆرژوازی** تەواوی بەشەکانی ئەم پلاتفۆرمەی کردە بەرنامەی خۆی.) سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە باسەکەی من لێرەدا تەنیا لەسەر بوون و نەبوونی بەڵگەنامەیەک یان نامیلکە و کتێبێ نییە کە تیایدا نەخشەی عەمەلیتری سۆسیالیزمی کرێکاریی لە زەمینەی ئابووریدا باس کرابێت. باس لە سەر فێرکردن و بارهێنانی کرێکارانی پێشڕەوی ڕوسیا، بە حیزبی و ناحیزبی، بە ئاسۆیەکی ئابووری ئاڵتەرناتیڤ و پارێزراوهێشتنەوەیانە لە بەرامبەر ئاسۆی بۆرژوازیی و گەشەی ئابووریدایە. پەروەردەکردن و فێرکردنێکی وەها تەنها بە چەندین ساڵ و لە ڕێگەی جەدەل و سنووربەندییە قووڵ و شیکراوەکانەوە دەکرا ئەنجام بدرێ. ڕێک وەک ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا نیشتمانپەروەریی ئیمپریالیستی بۆرژوازی ڕوسیا لە لای کرێکاری ڕوسی بێ بایەخ بوو، ڕێک وەک ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندانەی کە لیبرالیزم و ریفۆرمیزمیان لە لای کرێکاری ڕوسی بێ ئیعتیبار کردبوو. بەڵام ئاڵتەرناتیڤی **ئابووری** بۆرژوازی ڕوسیا دەستی لێ نەدرا و ڕەخنەی لێ نەگیرا و مابووەوە.

لە واقیعدا دواتر، تەنها پاش ئەوەی کە مەسەلەی ئابووری ڕوسیا و ڕەوەندی حەرەکەتی ئەو بە شێوەیەکی عەمەلی بوو بە کێشەیەکی جیدی، مانەوەی لایەنە هاوبەشە ڕەخنە لێنەگیراوەکانی نێوان بیرە کۆنەکانی بۆرژوازی دژی قەیسەری ڕوس، مۆدێرنیزم، سەنعەتیکردن و شتی تر، لەگەڵ چاوەڕوانییە ئابوورییەکانی ڕیزی پێشڕەوی

کرێکارانی ڕوسیا دەرکەوت. لە دەورانی مێژوویی و چارەنووسسازی بیستەکاندا هەر ئەم لایەنە هاوبەشانە ڕێگای پێشڕەوی شۆڕشی پرۆلیتارییان لە ڕووی ئابوورییەوە، یانی ڕێگای سەرکەوتنی یەکجاری و بێ گەڕانەوەی ئەویان داخست و شۆڕشی پرۆلیتێرییان لە ڕوسیا بە ڕیرەوی گەشەی سەرمایەداریدا برد.

ئەم بەشەی باسەکەی خۆم کورت دەکەمەوە. سەدەی بیستەم پرسیارێکی بنەڕەتی لە بەرامبەر کۆمەڵی ڕوسیادا بە گشتی دانابوو، ئەویش زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویی ئابووری و هەنگاوهەڵهێنانەوەی خێرا بوو بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گەشەی سەنعەتی و بەرهەمهێنانە بوو کە ئەورووپای ڕۆژئاوا تاقی کردبووەوە. هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوسیا. لە دەوری ئەم مەسەلە بناغەییە کەوتنە جم و جووڵ، دوو چینی بنەڕەتی ڕوو لە گەشە و هەڵدان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا بە یەکەوە لە دژی نیزامی کۆن دەستیان دایە خەبات و لە هەمان کاتدا وەکوو دوو هێزی ناکۆک بە دوو ئاسۆی دژ بە یەک و لە بەرامبەر یەکدا وەستان، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە بابەتییەکەنی کۆمەڵی ڕوسیا، هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە ئیمکاناتی مێژوویی بۆ جێبەجێبوون و بەدیهاتن بەهرەمەند بوون. هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە دەیانتوانی ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیا بکەنەوە. بۆلشەڤیزم و لێنینزم چینی کرێکاریان وەکوو یەک ڕیزی سەربەخۆ بەرامبەر بە بۆرژوازی و تزاریزم هەر دوو، هێنایە مەیدان. ئەم سەربەخۆییە چینایەتییە لە بەرامبەر چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت دەزگای حکومەتیشدا بە ڕۆشنی بەدەست هاتبوو، وە بووبوون بە تایبەتمەندییەکی ئۆرگانیک و جێگیربوونی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ڕوسیا. هەر ئەم رادەیە لە سەربەخۆیی وای کرد کرێکارانی ڕوسیا بە ڕابەرایەتی بۆلشەڤیزم نەخشەکانی گەشەی بۆرژوا دیموکراتیکی سەرخانی سیاسی و حکومەتی لە ڕوسیا تێک بشکێنێ و دەسەڵاتی سەربەخۆی کرێکاری لە ڕێگای شۆڕشێکی پرۆلیتاریەوە بەرپا بکەن.



بەڵام ئامانجی "هەمە خەڵکی" بەسەر دواکەوتوویی ئابووری میللی ڕوسیادا زاڵ بوون و ئەو بیرکردنەوە ئابوورییە ناتەواوانەی کە بەسەر سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا زاڵ بوون، توانای ڕیزبەستنی سەربەخۆی کرێکاری لە بەرامبەر مەسەلەی بناغەیی کۆمەڵگای ڕوسیادا، یانی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕوسیادا، لە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو، حیزبی بەلشەڤیک زەوت کرد. (شۆڕش بوو بە قوربانی نارۆشنیی ئامانجەکانی خۆی)، ئەمە نەک مەسەلەیەکی نەزەری و فکری، بەڵکوو واقیعەتێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا. کۆمەڵ لە بەرامبەر مەسەلەی ئاسۆی ئابووری گەشەی خۆیدا بە ڕادەی پێویست جەمسەری نەبەستبوو. حیزبی کریکاران بە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی شێوازی بەرهەمهێنان، وە لەژێر گوشاری ئابووری سیاسی کۆمەڵی سەرمایەداری لە ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا پاشەکشەی کرد و بەرەو دواوە بۆ ئەو لایەنە هاوبەشانەی کە لەگەڵ ئاسۆی بۆرژوازی لە هەلۆیستە ئابوورییەکاندا هەیبوو گەڕایەوە. گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی سەرمایەداری جێگەی خۆی بە ئیسلاحکردنی لە ڕێگەی پەرەپێدانی موڵکایەتی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی بۆ کەڵەکەی سەرمایە و کاردابەشکردن دا. شۆڕشی کرێکاریی بە وەستانی لەم قۆناغەدا، ڕێگەی بەوەدا کە هەموو سەرکەوتنە سیاسییەکانی وردە وردە لەژێر گوشاری واقیعیاتی پێداویستییەکانی ئابووری بۆرژوازیدا لێ بستێنێتەوە. لێنینزم، واتە سەربەخۆیی چینایەتی پرۆلیتاریا لە هەموو بەرە و هەموو نەبەردێکدا، لە دەورانی لابەلاکردنەوەی چارەنووسی ڕژێمی ئابووری کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی نەکرا. "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ئاڵای ئەم پاشەکشەیە بوو بۆ سەنگەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بۆرژوازی_ میللی ڕوسیا. ئاڵایەک کە هەر لە ئاسمانی بێ ئاڵای لێنین بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم لە ڕوسیادا وەک بونیادێکی ئابووری "باڵاتر"ی پشتبەستوو بە موڵکایەتی سۆسیالیستی و

لەناوبردنی کاری کرێگرتە، دەکرا هەڵبگیرێت. **سۆسیالیزم** لە ڕوسیا بە مانای واقیعی مارکسیستی وشە نەک هەر عەمەلی بوو، بەڵکوو بۆ بەردەوامی شۆڕش و سەقامگیرکردنی **حەیاتی** بوو. شۆڕشی کرێکاریی لە بەرامبەر ئەرکە **ئابوورییەکانی** خۆیدا شکستی خوارد.

لەم بەڵگەهێنانەوە و لێکدانەوەی سەرەوەدا چەند ئەنجامگیرییەکی گرنگ دەکەین. یەکەم، دیسانەوە پێ لەسەر دەوری تەوەرەیی مەسەلەی گۆڕانی ئابووری ڕوسیای پاش شۆڕش دادەگرین. خەباتی چینایەتی لە ڕوسیا لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بە دەوری گرێ و گۆڵێکی بنەڕەتی کە لە ناکۆکییەکان و دژایەتییەکانی ئەم شێوازەوە سەرچاوە دەگرن شکڵی گرتبوو. هەر ئەو پرۆسەی گەشە ئابوورییەی کە پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ڕوسیا بەدی هێنا، زەرورەتی بابەتیی گۆڕینی بار و دۆخی ئابووری سەردەمیشی دەهێنایە پێشەوە. چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا لە کۆتاییدا لە چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەم زەرورەتە بناغەییە کۆمەڵایەتیی_ مێژووییەدا دیاری دەکرێت. ئەمە ئەڵقەیەکی بنەڕەتییە لە گەشەی شۆڕشی پرۆلیتێریدا هەر وەک کێشەی بنەڕەتی دژی شۆڕشی بورژوازیش بوو. شیکردنەوەی ماتریالیستی ئەرکییەتی مێژووی ئەم دەورەیە نە بە بێی ئەلگۆی لە پێشدا داڕێژراوی نەزەری دەربارەی هەنگاوە دروست و نادروستەکان لە شۆڕشێکی کرێکارییدا، بەڵکوو بە پێی چۆنیەتی مامەڵەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەم مەسەلە گرێییەی کۆمەڵی ڕوسیادا ئەم مێژووە هەڵبسەنگێنین. باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە چینی کرێکاری ڕوسیا سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژای 20 ساڵ لێبڕاوانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە خەباتدا بوو و سەرەڕای ئەوە کە ئەم دەسەڵاتەشی بەدەستهێنا و حکومەتی کرێکاری بەرپا کرد، لە چارەنووسسازترین قۆناغی شۆڕشدا سەری بۆ ڕێگاچارەی بۆرژوازی لە بواری مەسەلەی گۆڕینی ئابووری کۆمەڵگە دانەواند. بەرئەنجامی ئابووری شۆڕش، سەپاندنی ئیسلاحاتێکی دیاریکراو بەسەر گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیادا



بوو، نەک ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستانەی ئەو کۆمەڵگەیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەوەش خۆی لە جیانەبوونەوەی مادی و کۆمەڵایەتی ئاسۆی ئابووری چینی کرێکار لە ئاسۆی سەنعەتیگەرایانە و میللی بۆرژوازی ڕوسیادا دەبینێتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوسیا بەر لە شۆڕش وردە وردە لە دەوری دوو ڕێبازی چینایەتی ئاڵتەرناتیڤ بۆ گەشەی ئایندەی ڕوسیا، یانی ڕێبازی ناسیۆناڵ_ سەنعەتی بۆرژوازی و ڕێبازی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا تەوەرەی دەبەست، ئەو کاتە ڕۆشن دەبێتەوە کە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریی لە ڕوسیاش دەبێت لەسەر بنەما و بەردەوامبوونی هەمان بەرانبەرکێی بناغەیی چینایەتی هەڵبسەنگێنرێت. سەرکەوتنی سیاسی چینی کرێکار لە ڕوسیا و دەستکۆتاکردنی بۆرژوازی گەورە، چ لە ڕووی سیاسی چ لە ڕووی ئابوورییەوە بە مانای کۆتاییهاتنی خەباتی **کۆمەڵایەتی** و چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ڕوسیا بە پێی ئەم شێوە و ئاڵتەرناتیڤانە نەبوو. گرنگ درککردنی ئەوەیە، کە ئەم دوو ڕێبازە پاش شۆڕش لە چ شێوەگەلێکی تازەدا و لەسەر بناغەی کام هێزە ماددی و کۆمەڵایەتییانە خۆیان لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوسیادا دەردەخستەوە. چونکە هێشتا لە ڕووی مێژووییەوە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە ئیمکاندابوون و زەمینەی ڕوودانیان هەبوو. هەڵبەتە ئێمە وەک مارکسیست و وەک هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەیەکی چینایەتی دیاریکراو، دەتوانین ئەوە ڕاگەیەنین کە لەو سەردەمەدا کە پرۆلیتاریا ئاڵای ئاڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی هەڵگرتووە، هەر ئاڵتەرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی تر بێجگە لە کۆنەپەرستی مانایەکی دیکەی نییە. دیارە ئەمە نییەت و ئەرکی ئێمە بۆ بێئیعتیبارکردنی عەمەلی ئاڵتەرناتیڤە چینایەتییەکانی تر نیشان دەدات و حەتمەن وتنیشی زەرورییە، بەڵام بە شێوەی واقیعی لە ڕوسیای 1617دا، دوو پرۆسە دەیتوانی گۆڕانکاری ماددی و واقیعی لە کۆمەڵدا بەدی بێنێت،

گۆڕانکارییەک بەرەو بەدیهێنانی وڵاتێکی بەهێز لە ڕووی ئابوورییەوە. گەشەی کاپیتالیستی کۆمەڵی ڕوسیا، بەهێزبوونی ئابووری ڕوسیا لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا، هێشتا ئیمکانێکی واقیعی و ماددی و ئاسۆیەکی زیندوو بوو لە کۆمەڵدا (هەر بەو جۆرەی کە پاشان بینیمان گەشەی ئابووری ڕوسیا بە کردەوە لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا بەرەوپێش چوو). بەم پێیە قسە لە سەر ئەوەیە کە کام هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانە دەبنە ئاڵاهەڵگری هەر یەک لەم ڕێباز و ئاڵتەرناتیڤانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە عەمەلی و لە توانادا بوون، وە لەمەو بەر تێکۆشام ئەوە نیشان بدەم کە چۆن بەشێک لە سۆسیال دیموکراسی ڕوس (مۆنشەڤیزم) ڕاستەوخۆ لە مێژ بوو بەر لە شۆڕشی 1917ەوە بە خۆی دابووە دەست ئاسۆی بۆرژوازی گەشەی کۆمەڵی ڕوسیاوە و چۆن بۆڵشەڤیکەکانیش لەم لایەنە بێ خلتە و خەوش نەبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئاسۆ بۆرژوازییە لە سایەی هەلومەرجێکی تایبەتیدا، لە بیستەکانەوە بە زۆری لە سایەی ئامادەنەبوونی ڕیزێکی ڕێکخراوی پرۆلیتاریدا، کە ئاڵای ڕێبازێکی واقیعی سۆسیالیستی بەرز کاتەوە، لە لایەن خەتی ڕەسمی خودی حیزبی کۆمۆنیست، واتە خەتی ستالینەوە، نوێنەرایەتی کرا.

بەم شێوەیە ئێمە ئەم وێنا ناواقیعییە قبوڵ ناکەین کە دەڵێت لە بەرەبەیانی شۆڕشی 1917دا ناوی بۆرژوازی لە لیستەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی ڕوسیادا دەسڕینەوە و ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی گەشەی کۆمەڵی ڕوسیا ئیتر شوێنێک لە ئیعرابدا بۆ خۆی نابینێتەوە. دەرککردنی چوارچێوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر یانی دەرککردنی **پێکەوە بەستراوی و نەپساویی خەباتی چینایەتی لە پێش شۆڕش و لە دوای ئەویشدا**. یانی دەرککردنی ئەم واقیعتە کە لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا ئاسۆی پرۆلیتری و بۆرژوازی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە هەر وەک پێش شۆڕش، بە شێوەی واقیعی لە بەرامبەر یەکدا دەوەستنەوە و وەک گرێ و گۆڵی خەباتی چینایەتی، هێزە



واقیعییەکانی کۆمەڵ لە دەوری خۆیان ڕیز دەکەن. تەنانەت لە تێڕوانینە سواوەکانی چەپی ڕادیکاڵیشدا، ئەوەی کە هێڵی ستالین لە دوالێکدانەوەدا نوێنەرانی **ناسیۆنالیزمی ڕوسی** دەرکرد، جەختی لەسەر دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئەم چەپە فەرامۆشی دەکات، ئەوەیە کە ئەم ناسیۆنالیزمە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیک یا بە تەنها مەیلێک نییە لە سەرخاندا. ئەم ناسیۆنالیزمە ئاڵای بۆرژوازی و هێمای دەسەڵاتی ماددی بۆرژوازییە لە کۆمەڵدا، ئەم ناسیۆنالیزمە ناوەڕۆکێکی ئابووری دیاریکراوی هەیە و ئەوەش جگە لە گەیاندنی ئابووری میللی ڕوسیا بە ئاستی ئابووری سەرمایەداری پێشکەوتوو لە ئەوروپای ئەو سەردەمەدا شتێکی دیکە نییە. دەسەڵاتی ماددی بۆرژوازی زۆر واوەتر لە لە خۆ باییبوونی فیزیکی بۆرژواکانە لەسەر کورسی بەڕێوبەرایەتی و پایە دەوڵەتییەکان. بۆرژوازی بەرژەوەندی و بیرۆکەکانی خۆی وەک ئامانجگەلی گشت کۆمەڵ بڵاو دەکاتەوە. بیر و باوەڕی بۆرژوازی دەبێتە هێزێکی ماددی گەورە کە لە زەین و ئارەزووە "خۆبەخۆکانی" ملیۆنەها ئینسان، کە ڕاستەوخۆ هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ بۆرژوازیدا نییە، مانەوەی خۆی درێژە پێ دەدات. کەسێک کە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا لەگەڵ شۆڕشی 1917دا بۆرژوازی لە مەیدانی سیاسی ڕوسیا دەسڕێتەوە، ئەوە دەست دەداتە خراپترین داشکان و نالەبارترین جۆری لادان لە دەرکی هەمەلایەنە و **کۆمەڵایەتی** مارکسیزم لە پەیوەندییە چینایەتییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری. شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەری گەورەی لەسەر قازانجی چینی کرێکار و تەرازووی هێزەکانی کۆمەڵ لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا دانا. بەڵام خودی ئەم بەرانبەرکێ چینایەتییەی وەک تەوەری خەباتی چینایەتی کۆمەڵ لەنێو نەبرد و نەیتوانی بە بێ گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری ئەمە بکات. هەر بەم دەلیلە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا کە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاران، لێکدانەوەی دینامیزمی بزووتنەوەی کۆمەڵی ڕوسیا بەشتێک بێجگە لە خەباتی چینایەتی

**پرۆلیتاریا و بۆرژوازی** دەبەستنەوە و بایەخ بە دژایەتییەکانی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینە لاوەکییەکانی کۆمەڵ دەدەن، دیدگاگەلێک کە سۆسیالیزم نە لە لایەن کاپیتالیزم بەڵکوو لە لایەن بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی و هی ترەوە لە مەترسیدا دەبینن، جیاوازیمان هەیە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم شێوە ڕوونکردنەوەیەی مەسەلەکانی کۆمەڵگای پاش شۆڕش لە ڕوانگەی تیۆریی مارکسیستییەوە هەڵە و میکانیکییە و لە ڕوانگەی سیاسییەوە خۆشباوەڕانەیە. ئێمە گرنگی دژایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ مەیلەکانی توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەت ناکەینەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر بەردەوامی و نەپساویی و پێکەوەگرێدراوی دینامیزمی چینایەتی حەرەکەتی کۆمەڵگە، یانی بەرامبەرکێی کار و سەرمایە و کرێکار و سەرمایەدار لە دەورەکانی پێش و پاش شۆڕش و وجودی ئەم دینامیزمە لە پشت هەموو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەکەین. بە دەستکۆتاکردنی سیاسی و ئابووری بۆرژوازی گەورەی ڕوسیا، ڕێگەچارەی کۆمەڵایەتی ئەم چینە ناسڕێتەوە، بەڵکە ماتەریاڵە ئینسانییە ڕاستەوخۆکانی خۆی لە دەست دەدات و بە ناچاری دەبێت بە شێوەیەکی کاتی ماتەریاڵی ئینسانی و چینایەتی پەیدا بکات. بەواتایەکی تر، ئەگەر پرۆلیتاریا لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا بە شوێن ئاڵتەرناتیڤی **سۆسیالیستی** خۆیەوەیەتی، لەوبەری هاوکێشەکە ئەوەی خەریکە دەگیرسێ، هاتنەمەیدانی هێزی چینایەتی و توێژی کۆمەڵایەتی وایە کەبتوانن (زۆر ئاشکرایە کە بە لانگیری و پشتیوانیی سەرمایەی نێونەتەوەیی) وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوا_ سەنعەتی لە ڕوسیا کار بکەن. جوتیارەکان، وردەبۆرژواکان، بیرۆکراتەکان و هی تر، لە جەرگەی ئەم دژایەتییە بناغەییە چینایەتییەدا، دەتوانن تەنیا وەک ماتریاڵە ئینسانی و چینایەتییەکانی بەردەوامی و مقاوەمەتی ئاڵتەرناتیڤی **بۆرژوازی** کار بکەن، نەک ئاڵاهەڵگران و هێزی بزوێنەری ئاڵتەرناتیڤە تازە دەرکەوتووەکانی توێژە لاوەکییەکان. تەنیا لە چوارچێوەیەکی وادا،



یانی لە بوونیان بە پایەی ماددی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی، ئەم توێژە لاوەکییانە دەتوانن دەوری **چارەنووسسازی** کۆمەڵایەتی پەیدا بکەن، نەک لە چوارچێوەی پارێزگاریی بەرژەوەندی توێژەکانی خۆیاندا. نموونەی مەلاکان و زنجیرەمەراتبی مەزهەبی لە ئێران نموونەیەکی دیاریکراو و زیندووە لەم واقیعەتە. جم و جۆڵی ئەم توێژە و گرنگی ماددی ئەم توێژە، نەک لە درێژەدان بە بەرژەوەندییە توێژییەکانی خۆی لە دژی چینی کرێکار، بەڵکوو لە ڕاگرتن و درێژەدان بە حاکمییەتی چینایەتی و ئاڵتەرناتیڤی چینایەتی **بۆرژوازی** لە ئێراندایە، خەباتی چینایەتی تەنیا لەسەر بنەمای ئەو ئاڵتەرناتیڤە چینایەتییانە شکڵ دەگرێت کە لە ئیمکانییەتی پیادەکردن و ئیعتیباری مێژوویی_ سەراسەری بەهرەمەندن. ئەم ململانێیە لە سەردەمی ئێمەدا ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەدارییە، ململانێ پرۆلیتاریا و بۆرژوازییە. هەموو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لە دەوری ئەم ململانێیە پۆلارێزبن و لە دواشیکردنەوەدا لە پەیوەند لەگەڵ ئەم ململانێ بنەڕەتییەدا نەبێ، ئەم توێژ و چینانە، دەورێکی کۆمەڵایەتی چارەنووسساز ناگێڕن.

مانایەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە لە حاڵەتی شکست، وە یان لادانی پرۆلیتاریا لە جێبەجێکردنی ئاڵتەرناتیڤی خۆیدا، کۆمەڵی ڕوسیا بێجگە لە ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی ڕێیەکی دیکەی بۆ درێژەدان بە ژیانی ئابووری خۆی نابینێتەوە. ئێمە باسی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، وە یان ئابووری بەینابەینی پشتبەستوو بە شکڵەکانی وردەکاڵایی و هیتر قبوڵ ناکەین. ئێمە بیرۆکراسی و شتی تر وەک چینی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە یەک کۆمەڵگەدا قبووڵ ناکەین. دەبێت ئەوانە وەک شکڵی بەردەوامی کۆمەڵی سەرمایەداری و حاکمیەتی سەرمایە لێک بدەینەوە. لەسەر کاغەز دەتوانرێت هەر شیوەیەکی بەرهەمهێنانی تازە وە یان هەر چینێکی دەسەڵاتداری تازە پێناسە بکرێت و واقیعیات بە پێی ئەو ئەلگۆ داهێنراوانە لە خشتەی تایبەتدا ڕیز بکرێت. بەڵام مێژوو بە پێی ئیمکاناتی مادی و زەمینە

کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، کە بەرەنجامی پراتیکی چینە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکانە دەجووڵێت. شکستی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئاستی کۆمەڵی **سەرمایەداریدا**، بە مانای بەردەوامی سەرمایەداری، با لە سایەی هەر شکڵ و شێوەیەکی تازەشدا بێ دەبێ، نەک بە مانای دەرکەوتنی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، کە هێزە بزوێنەرەکانی زەمینەی مێژوویی و پایە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەردەمی توند و تیژبوونەوەی ململانێی سەرمایەداری و سۆسیالیزم، بوونی دەرەکییان نەبووە. ئەوانەی بەرگری لەم جۆرە دیدگایانە دەکەن، نە تەنها دەبێت ڕیشە و شکڵەکانی پەیدابوونی شێوە بەرهەمهێنانێکی تازەی لەم جۆرە ڕوون بکەنەوە، نە تەنها دەبێت چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر بزاڤی سۆسیالیستیدا ڕوون بکەنەوە، بەڵکە دەبێت ڕوونی بکەنەوە کە چۆن ئەم ئاڵتەرناتیڤە بەسەر ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی و کاپیتالیستی مەوجوددا سەرکەوت و چۆن کارێک کە شۆڕشی پرۆلیتاریا نەیتوانیوە بیکات، یانی لەناوبردنی سەرمایە، لە لایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی و لە پەناوە و بە بێ هیچ بەرگرییەک لە لایەن **بۆرژوازییەوە**، عەمەلی کراوەتەوە!

بە کورتییەکەی. جەختکردنی ئێمە لەسەر زەرورەتی تێڕوانینی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕشی ڕوسیا دەمانگەیەنێتە جەختکردن لەسەر ئەو خاڵە، کە دەبێ ململانێی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی و بەرانبەرکێی ئاڵتەرناتیڤە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو چینە، سۆسیالیزم و کاپیتالیزم، بنەمای لێکدانەوەی چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا بێت. ئەو دوو چینەی کە وێڕای بەرانبەرکێی ئاڵتەرناتیڤە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قۆناغێکی دیاریکراودا پێکەوە لە دژی ڕژێمی کۆنی ڕوسیا دەستیان دایە خەبات و بە درێژایی چەند قۆناغی دیاریکراو لە شۆڕشی 1905ەوە تا جەنگی یەکەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتردا وەستانەوە. داکشانی حیزب و دەوڵەتی سۆڤێتی، گەشە و هەڵدانی سیاسەت و کارکردی ناسیۆنالیستی لە حیزب و دەوڵەتی سۆڤێت و



لە کۆمینتێرن و سیاسەتی دەرەکیدا، بابەتگەلێکی بە پێشینە نەبوون. نارۆشنی ئاڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی و بۆشاییەک کە بە هۆی لە ئارادا نەبوونی پراتیکی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی دروست بوو، زۆر ئاسایی دەیتوانی بە مانای کەلەبەرێک بۆ ناسیۆنالیزم، یانی توخمی دیاریکەری ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوا_سەنعەتی لە ڕوسیادا بێت. ئەگەر ئۆردووی سۆسیالیستی لە نیشاندان بەرەوپێشبردنی ئاڵتەرناتیڤی ماددی خۆیدا بۆ ڕوسیا سست و کەمکار بێ، ئەو کاتە ئاڵتەرناتیڤی واقیعییەکەی تر، ناسیۆنالیزم و گەشەی بۆرژوا_ سەنعەتی ڕوسیا مەیدان بە دەستەوە دەگرێت، جا هێزی بەشەری هەڵسوڕاوی ئەم دیدگا بۆرژوازییە هەر کەس یا هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێت. دەورەی دوای شۆڕش، مەیدانی ململانێی ئەو دوو مەیلە کۆنەی پێشوو، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر پرسگەلی تازە و لە سایەی هەلومەرجێکی تازەدا. ئەم ململانێیە لە کۆتاییدا بە قازانجی ناسیۆنالیزم و ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیا دوایی هات. ئەوەی کە ئێمە دەبێت نیشانی بدەین ئەوەیە کە هۆ و زەمینەکانی شکستی پرۆلیتاریا لەم ململانێیەدا چی بووە؟ پرسگەلی بنەڕەتی لەم ململانێیدا کامانە بوون؟ هێزەکان و نوێنەرە بیلفیعلەکانی ئەم مەیلانە کامانە بوون و چۆن کاریان کرد. عەواملێکی یاریدەدەر و ڕێگر بۆ هەر یەکە لەم دوو ڕێبازە لە ڕوسیا، پاش شۆڕش هەبوون، وە لە دواییدا ئاڵتەرناتیڤی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر بۆ ڕێگەگرتن لەم شکستە دەبوایە چی بێت و بۆ ئێمە دەبێ چی بێت؟ لەسەر بناغەی ئەم وێنایە و ئەم میتۆدۆلۆژییە گشتییە، ئێمە دێین چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا و حیزبی بۆلشەڤیک و دەوڵەتی سۆڤێت و شتی تر لێک دەدەینەوە.

## چەند خاڵێک سەبارەت بە زەمینە تیۆرییەکانی شکستی یەکجاریی شۆڕش

بێگومان یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بێتوانایی چینی کرێکاری ڕوسیا لە بە ئەنجامگەیاندنی هەتا سەری شۆڕشی خۆیدا، نائامادەیی تیۆریی توخمی پێشرەوی ئەم چینە لەم شۆڕشەدا بوو. دواتر دێمەوە سەر ئەم ناتەواوییە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. بەڵام پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە باسەکەی من لێرەدا لەسەر شارەزایی (زانستی) حیزبی بۆلشەڤیک لە تیۆری مارکسیزم وە یان زانستی تیۆری حیزبی بۆلشەڤیک نییە. من تیۆری وەک قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ وەک شتێک لە خۆیدا باس ناکەم. مەبەستی من لە نائامادەیی تیۆری، بوونی لێڵی و ناڕۆشنی سیمای سیاسی چینی کرێکارە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. کرێکاری ڕوسی وەک ڕابەری گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ پێی نایە مەیدان. بەڵام ئەوە ئەو گۆڕانە چ چوارچێوەیەکی دەبێت و ئەم ڕابەرایەتییەی کۆمەڵ بە چ لایەکدا دەبات، بەستراوەتەوە بەوەوە، کە چینی کرێکار لە زمانی پێشرەوانی خۆیەوە چ دەربڕینێک لە خۆی، لە ئامانجەکان و ئەولەوییەتەکانی خۆی لە ئاستی کۆمەڵدا بە دەستەوە دابێ. چینی کرێکار لە پراتیکی خۆیدا و لەو ئاسۆیەی کە پێشرەوی چینەکە و حیزبی سیاسی و ڕابەرایەتی عەمەلی چینەکە بۆی دیاری دەکەن، واوەتر ناچێت. لەوانەیە کرێکار وەک ڕابەری ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی بێتە مەیدان، بەڵام لە عەمەلدا ئاسۆی خەباتگێڕانەی لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری دیموکراتیک و بەدەستهێنانی سەربەخۆی میللی، نەهێشتنی هەڵاواردنی نەژادی و شتی تر زیاتر ناڕوات. لە شۆڕشی 79 لە ئێران کرێکاران بە ئاشکرا لە دەورانێکی دیاریکراودا بە کردەوە ڕابەری ناڕەزایەتی جەماوەرییان بەدەستەوە گرت. لە (مانگرتنە کرێکارییەکان بە کردەوە بوون بە کانونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە)



بەڵام هەر ئەم کرێکارانە ئاسۆی خەباتگێڕانەی خۆیان هێندە لە ئاسۆی باڵی چەپی بۆرژوازی ئێران واوەتر نەبردبوو، بە تایبەتی خاوەنی سیمای کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕابەرێک و هێزێکی سۆسیالیست نەبوون. ئامادەیی تیۆری توخمی پێشرەو تەنیا بە مانای پوختەیی و زانستی تیئۆری ئەو نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بە مانای کارامەیی ئەوە لە چەکدارکردنی چینی کرێکار لە هەر قۆناغ و دەورەیەکی دیاریکراودا، بە دەربڕین و وێنای دروست لە ئامانجە چینایەتییە جیاوازەکانی خۆی لە تەواوی مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی ترە. حیزبی چینی کرێکار لەوانەیە لە ڕووی دەرکی تیۆری مارکسیزمەوە کەموکورتی نەبێت، بەڵام بە شێوەی واقیعی نەیتوانیبێت لە ڕێگای خەباتی تیۆرییەوە کرێکارانی بە سنووربەندییەکی قوڵ لە دژی ناسیۆنالیزم یان ئایین وە یان ستەمکێشی ژنان پەروەردە کردبێت و بار هێنابێت. هەر وەکوو وتم ئەم ئامادەییە تیۆرییە کە لە ڕادەی ڕۆشنبوونەوەی چینی کرێکار سەبارەت بە ئەرکە شۆڕشگێڕانەکانیدا دەردەکەوێت، ڕادە و سنووری توانای کرێکاران وەک ڕابەری هێزی گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا دیاری دەکات. ئەم ئامادەییە تیۆرییەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا، تەنیا بە دەرکی زانستی تیۆری مارکسیزم لە لایەن حیزبی کرێکارییەوە نایاتەدی و تەنیا لە بوونی کتێب و نامیلکە سەبارەت بە مەسائیلی تیۆری بزووتنەوەکە خۆی نانوێنێ. مەسەلە لەسەر پەروەردەکردنی ڕابەرانی عەمەلی چینەکەیە، سنووربەندی ڕۆشن لەناو کورەی خەباتی چینایەتی، بە تایبەتی لە خاڵی وەرچەرخانە چارەنووسسازەکانیدایە. مەسەلە لەسەر گۆڕینی ئوسوڵی تیۆریک بە بەشێک لە خۆوشیاریی سیاسی و پراتیکی کرێکاری پێشرەو و ڕابەری عەمەلییە و ئەمەش بە ڕێگەی دانانی ئەم ئوسوڵە چینایەتییانە لە بەرامبەر بەرژەوەندی مەیلە ناپرۆلیتارییەکاندا لە جەرگەی ئەو ململانێ واقیعیانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن دێتەدی. بۆلشەڤیکەکان لە زۆر زەمینەدا کرێکارانی ڕوسیایان بە ئاسۆیەکی سەربەخۆ چەکدار کردبوو. سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە

که چەپی ڕادیکاڵ لە ڕەخنەی تیۆری خۆیاندا لە بەلشەڤیکەکان لە پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات، ڕێک پەنجە بۆ ئەو لایەنانە ڕادەکێشن کە خاڵی بەهێزی بۆلشەڤیزم پێک دێنن، یانی مەسەلەی دەرکی مارکسیستی لە ئینتەرناسیۆنالیزم و دیموکراسی پرۆلیتێری. ئەمانە ئەو مەیدانانە بوون کە حیزبی بۆڵشەڤیک نە تەنیا لەوانەدا نوێنەرایەتی ئوسوڵیەتی تیۆری لە بەرامبەر هەموو سۆسیالیزمی سەردەمی خۆیدا دەکرد، بەڵکوو ئەم ئوسوڵییەتەشی کردبوو بە بەشێک لە تایبەتمەندیی کرێکاری ڕوسیا. ئەوە هەر بۆڵشەڤیکەکان بوون کە لە گرنگترین و چارەنووسسازترین کات و ساتدا، لە سەروبەندی شەڕێکی ئیمپریالیستیدا کە تەواوی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی کێشابووە پشتگیریکردن لە بۆرژوازی وڵاتی خۆی، نەک هەر ئینتەرناسیۆنالیزمیان نەخشاند و مانا کردەوە، بەڵکوو کرێکاری ڕوسیایان لە دژی بۆرژوازی خۆیان کێشایە مەیدانی خەباتی توند و تیژەوە. لە مەیدانی ئوسوڵی دیموکراسی پرۆلتیاریادا ئەوە بۆڵشەڤیکەکان بوون کە ئەزموونی کۆمۆنیستیان لە ڕێگای شوراکانەوە بوژانەوە و بیری توانستی هێنانەدی حکومەتی کرێکارییان لە ڕێگای شوراکانەوە لە ڕیزی کرێکارانی ڕوسیادا چەسپاند. بۆڵشەڤیکەکان بۆ کردنی ئەم ئوسوڵانە بە بەشێک لە خۆشیاری چینی کرێکاری ڕوسیا، چەندین نەبەردی چارەنووسسازیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بردە پێش و ڕابەری کرد.

باسی من سەبارەت بە نائامادەیی تیۆری، ئەو مەیدانانە دەگرێتەوە کە بۆڵشەڤیکەکان جیاواز لەوە کە وەک تیۆریسینی مارکسیستی شارەزایی زانستییان لە مەسەلەکەدا هەبووە یان نا، ڕیزبەستنی تیۆری و ئایدیۆلۆژیکی چینی کرێکاریان لە دژی بۆرژوازی قبوڵ نەکردبوو، مەیدانگەلێک کە تا ئەو کاتە نەکرابوونە مەیدانی سەرەکی بەرامبەرکێی ئایدیۆلۆژیکی چینەکان، وە تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی سیاسی پرۆلیتاریا لەو مەیدانانەدا بەرجەستە نەکرابوون، لەوانەیە



گیروگرفتە تیۆرییەکانی ڕەوەندێک، حیزبێک و لەوانەش حیزبی بۆڵشەڤیک زۆربێت. لەوانەیە کەسێک ئەوە نیشان بدات کە بۆڵشەڤیکەکان سەبارەت بە مەسەلەی ژن وە یان پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزب وە یان مافی دیاریکردنی چارەنووس و شتی تر ناڕۆشنیان هەبووە. باسەکەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر واش دابنێین کە هەبوون، نەبوونەتە فاکتەری چارەنووسساز وە یان لاوازی تیۆری دیاریکەر لە چارەنووسی لەوەدوای شۆڕشدا. نائامادەیی بنەڕەتی بەو مانا کۆمەڵایەتییەی کە ڕوونم کردەوە، دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی دەرخستنی ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا و وردکردنەوەی پەیام و دەستووری پرۆلیتاریا بۆ گۆڕینی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە کۆمەڵی ڕوسیادا. بە واتایەکی تر بەکارهێنانی ئەم یان ئەو لادانی تیۆریک بۆ ڕوونکردنەوەی ناکامی حیزبێک و بزووتنەوەیەک بەس نییە. هەموو کەموکوڕییە تیۆریکەکان لە مەیدانی پراکتیکدا لە جێوڕێیەکی یەکسان بەهرەمەند نین. هەر چەندە هەر یەکەیان دەکرێ لە دەورانێکی تایبەتدا ببنە هۆکارێکی دەست و پێگیری چارەنووسساز. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تایبەتمەندیی دەورانی چارەنووسساز لە خەباتی چینایەتیدا، جێوڕێی هەر "لادانێکی تیۆری" دیاریکراو دەستنیشان دەکەن. ئێمە دەبێت پەنجە بخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە لە تێڕوانینی بۆڵشەڤیزم و پرۆلیتاریای ڕوسیادا، دوای شۆڕشی 1917 بوونەتە هۆی بێتوانایییان لە بەرامبەر مەسەلە واقیعی و ماددی و چارەنووسسازەکانی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، نەک "لادان" و "پاشەکشە"یان لە ئوسوڵی تیۆریک. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە بە بۆچوونی من ئەمە هیچ هونەرێکی تێدا نییە ئینسان بڕوات لە مێژووی بیروباوەڕی حیزبی بۆڵشەڤیک ورد بێتەوە و لە هەر کوێ بوخارین، ترۆتسکی، زینۆڤیف، ستالین وەیا تەنانەت خودی لێنین و ئەوانی تر خاڵێکیان تەرح کردبێت وە یان سیاسەتێکیان بردبێتە پێش کە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە شایانی ڕەخنە بێت، پەنجە بخاتە سەریان و لە لیستەکەی خۆی کە دەربارەی

هۆیەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاریی ڕوسیایە جێیان بکاتەوە. بۆچوونی فلانە ڕابەر سەبارەت بە دیموکراسی دەروون حیزبی، ڕەفتاری ستالین لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا، هەڵوێستی ئەو لەسەر مەسەلەی میللی، فلان وتاری زینۆڤیف لە کۆمنترین و شتی تر، بۆ پێناسەی چوارچێوەی تیۆریی شکستەکە بایەخێکیان نییە. بە بۆچوونی من حیزبێک کە گریمان دیموکراسییە ناوخۆییەکەشی کەموکوڕ بوایە، حیزبێک کە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیش چەپ و ڕاستی بگوتایە، حیزبێک ک دەدربارەی ڕەزاخانیش لێکدانەوەی هەڵەی بکردایە، لەوانەبوو (لە میانەی قسە و باس لە دەرچوون لە نیپ و بنیادنانی ئابووری سۆڤێت[†])، لە میانەی قسە و باس لەسەر "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" سەربەرز وەک ڕابەری پرۆلیتاریای سۆسیالیست بهاتایە دەر. بە مەرجێک ئەم بەشە لە بیرکردنەوەی بە ئەندازەی کافی ڕۆشن و سۆسیالیستی بوایە و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازی و گرایشەکانیدا بە ئەندازەی کافی لە ئاستی کۆمەڵدا دیار بوایە و نوێنەرایەتی بکردایە. ئێمە هیچ چاکییەک لە گۆڕینی مێژووی داڕوخانی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت بە مێژووی هەڵە فیکرییەکان لە حیزبی بۆلشەڤیکدا وە لەم ڕێگەیەوە نزیککردنەوەی هەرچی زیاتری شکست لە 1917 نابینین. دەبێت دەورانی چارەنووسساز و لاوازی تیۆریی چارەنووسساز بدۆزینەوە. حیزبێک کە لە دەورانی چارەنووسسازی مێژووییدا سەربەرز بێتەدەر (بەوجۆرەی کە بۆلشەفیکەکان لەگەڵ هەر کەموکورتییەک لە دەورانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا سەربەرز هاتنەدەر). کەموکوڕییە لاوەکییەکانی خۆی لە ڕەوەندی حەرەکەتی ڕوو لە پێش و پێشکەوتنی کۆمەڵ و چینەکەی خۆیدا پڕ دەکاتەوە.

بە بۆچوونی من کەموکوڕی تیۆری بنەڕەتی بریتی بوو لە وردنەکردنەوەی ئامانج و شێوەکارە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریای

[†]. ئەم برگەیە لە کتێبی "منتخب آثار منصور حکمت"دا نەهاتووە!/ سالار



سۆسیالیست. ئەم کەموکورتییە زەمینەی مێژوویی دیاریکراوی هەبوو، هەر بەو جۆرەی کە وتم. پێشکەوتنخوازی ئابووری بۆرژوازی ڕوسیا، بیرۆکەی (ڕوسیای ئاوەدان و سەنعەتی) بۆ دەورەیەکی دوورودرێژ بە ڕەخنەلێنەگیراوی مایەوە. ئەو مەسەلەیە، کە کام شێوازی بەرهەمهێنانی دیاریکراو، کام شێوازی ئابووری دەبێت لە ڕوسیادا دابمەزرێت، کەوتە ژێر تیشکی ڕەخنەی دواکەوتووییەوە. پشتبەستنی بەردەوامی ڕابەرانی حیزب لە دەورانی دوای شۆڕشدا بەم فۆرمولەیە، کە (دەبێت لە بۆرژوازییەوە فێر بین) خۆی شاهیدی ئەم واقیعەتەیە کە گۆڕانی ئابووری بە گشتی بەرەو چەندایەتییەکی بەرهەمهێنان و باشبوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەزانرێت، نەک گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنان، یانی مەیدانێک کە هیچ شتێکی بۆ فێربوون لە بۆرژوازییەوە تێدا نییە و دەبێت پرۆلیتاریا ڕێگای خۆی **بە پێچەوانەی** تەواوی پراتیکی ئابووری بۆرژوازی، چ لە ڕوسیا و چ لە ئەڵمانیا درێژە بدات.

بەڵام ڕیشەکانی ئەم بەرتەسکییەی تێڕوانین بۆ ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا نابێت تەنیا لە خودی ڕوسیادا بۆی بگەڕێین، فاکتەری گرنگتر لەوانەیە هەموو دەرسەکانی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی دووەم لەم زەمینەیەدا بێت. ئاسۆ و تێڕوانینی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم تا ڕادەیەکی دوورودرێژ بیرکردنەوەی سۆسیال دیموکراسی ڕووسی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم دەربڕینی دیاریکراوی لە مارکسیزم ئەدا بەدەستەوە، کە ئەمیش بە دەوری خۆی ئەنجامگیری ناسیۆنالیستی دەکات بە کارێکی مومکین. سەرانی هەر ئەم ناسیۆناڵە بوون کە پاش ماوەیەک و لە جەنگی جیهانیدا بوون بە پارێزەرانی بۆرژوازی خۆیان و دەبینین کە لە گەشەی خودی ئەم سۆسیال دیموکراسییەدا چۆن ناسیۆنالیزم خۆی لە تەرحی ستراتیژییە ئابووری و سیاسییە میللیەکانی لایەنگرانی بازاڕی ناوخۆیی و وڵاتی خۆییدا گەشە دەکات. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی تا دەورەیەکی دوورووودرێژ ئوسوڵی

مارکسیزمی بە ڕیوایەتی ئەم ئەنتەرناسیۆناڵە و ڕابەرەکانی دەرک دەکات و دەیناسێت. جیابوونەوەی بۆڵشەڤیکەکان لە ڕکێفی فیکری و عەمەلی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم یەک **پرۆسەی** هەنگاو بە هەنگاو بوو، ئەم پرۆسەیەش نوقات و قۆناغی مێژوویی و دیاریکەری هەیە. بەڵام مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە تا سەروبەندی 1917 بە شێوەی کامڵ و یەکجاری نەبراوەتە پێش. کاتێک بۆ نموونە لێکدانەوە ئابوورییەکانی هەر دوو ڕەوتی ستالین و ترۆتسکی لە سۆسیالیزم و سەرمایەداری لەبەرچاو بگرین، یانی تێڕوانینێک کە سەرمایەداری دەوڵەتی و موڵکایەتی دەوڵەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا هەر وا بە مانای موڵکایەتی سۆسیالیستی تێدەگات، کاریگەریی فیکری ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەدی دەکەین.

ئەتوانرێت دوو پایەی سەرەکی لە بیرکردنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا وەک بنەڕەتیترین خاڵەکانی لاوازی تیۆری بزووتنەوەی مارکسیزم لەم دەورەیەدا و وەک پایە و زەمینەی گرنگ بۆچەککردنی تیۆری کۆمۆنیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەگەلی گەشەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە کۆتایی دەیەی (20)دا ناوبهێنین، یەکەم: گۆڕینی تیۆری شۆڕشی پرۆلیتێری بە "زانستی" گەشەی پلە بە پلەیی و ئۆلۆسیۆنیستی کۆمەڵ، یانی هەمان تێڕوانینێک کە گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە تەوەری خۆی دادەنێت و دەیکات بە مۆتۆڕی بزوێنەری مێژووی کۆمەڵ. هەمان تێڕوانینێک کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەنگدانەوەی ڕوون و سادەی گەشەی چەندایەتی و چۆنایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وێنا دەکات و دایدەبرێت لە خەباتی چینایەتی و پراتیکی ئینسانی لە پێشخستنی مێژووی کۆمەڵایەتیدا. فاکتەری ئینسانی، فاکتەری شۆڕشگێڕانە و چەمکی سەردەمی شۆڕشگێڕانە لەم بیرکردنەوەیەدا جێگایەکی دیاریکەری نییە، وە لەبەر ئەوە جێگەیەک بۆ دەوری پراتیکی چینێکی شۆڕشگێڕ ناکاتەوە. لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەم تێڕوانینە پشتی بە ماتەریالیزمی میکانیکی داشکێنەرانە بەستووە. ئەمە ئەو میتۆدۆلۆژییەیە کە بەشێکی



گەورەی چەپی ئەمڕۆ بەکاری دەهێنن. ئەمە ڕیوایەتێکە لە مارکسیزم کە هەم ئەمڕۆ و هەم بەر لە تیۆری شۆڕشگێڕانەی خودی مارکس برەوی هەبووە. لە دەوروبەری خۆماندا زۆر لەوانە دەبینین کە باوەڕیان بەم بۆچوونانە هەیە. ئەو کەسانەی کە بۆ ئامادەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە چەرخی بیستەمدا چاوەڕێی گەشەی پیشەسازین لە هەر وڵاتێکدا، ئەو کەسانەی کە دەوری خۆیان لە خەباتی سیاسیدا بە ئاسانکردنی بەهێزبوونی ئەو توێژانە دەزانن کە بە خەیاڵی خۆیان دەتوانن هێزەکانی بەرهەمهێنان گەشە پێ بدەن، هەروەها یاریزەرانی شۆڕشی قۆناغ بە قۆناغ و هی تر. ئەمانە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمدان.

ڕیگەم بدەن نموونەیەک لە لاوە بهێنمەوە، بە شیوەیەکی باو بە ئێمە دەڵێن بۆڵشەڤیکەکان ئەنتەرناسیۆنالیست بوون، وە **لەبەر ئەوە** لەو باوەڕەدا بوون کە بە بێ شۆڕشی ئەڵمانیا شۆڕشی ڕوسیا بە سەرکەوتن ناگات. دواتر دەگەڕێمەوە سەر بەهای ئەنتەرناسیۆنالیستی ئەم لێکدانەوەیە. بەڵام با تەماشا بکەین و ببینین: ئەوانەی کە لە قسە و باسە ئابوورییەکانی ساڵەکانی 24 بە دواوە لەم تێڕوانینە داکۆکییان دەکرد، ئەم مەسەلەیەیان چۆن لێک دەدایەوە. باسی تەوەرەیی، کە لە داکۆکی لەم تێزەوە (لە بنەڕەتدا لە لایەن زینۆڤیفەوە) دەخرێتە ڕوو ئەوەیە، کە **ئەڵمانیا ئابوورییەکی پیشەسازی پێشکەوتووی هەیە**. ئەم ئابوورییە ئەتوانێت سۆسیالیزم بە شێوەیەکی واقیعی عەمەلی بکات و ڕوسیای (دواکەوتوو) بە تەنیا ناتوانێت شێوازی سۆسیالیستی دابمەزرێنێت. ئەمە نموونەیەکی زیندووی ئەو بیرکردنەوەیەیە کە لێرەدا باسی دەکەین، کارم بەوە نییە کە ئابووری ئەڵمانیا لە ساڵی 1917دا، بە بەراوورد لەگەڵ ئابووری کۆریای خوارووی ئەمڕۆدا دەتوانێت چی بێت و ئەو پێشکەوتووییە پیشەسازییە کە (سۆسیالیزمی مومکین دەکرد) بەو پێودانگانەی کۆمەڵە نیوە سەنعەتییەکانی ئەمڕۆ لە چ ڕادەیەکدا بووە.

مەسەلەی من ئەوەیە کە لە تێڕوانینی زینۆڤیف و ئەوانی تردا بۆ ئیمکانیەتی سۆسیالیزم، ئیمکانیەتی نەهێشتنی موڵکایەتی بۆرژوازی و دامەزراندنی مۆڵکایەتی سۆسیالیستی سەرەتا **تەماشای** ئیمکانی سەنعەتی دەکرێت. ئەم تێڕوانینەیە کە لەگەڵ ڕۆحی مانیفێستی کۆمۆنیست و لەگەڵ ڕۆحی ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا کە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەرمایە دەسەپێنێ و هەتا ئیمکانیەتی سۆسیالیزمیش بەر لە زینۆف بە 60 ساڵ ڕادەگەیەنێت، جیاوازە. ئەمە سۆسیال داریونیزمە و دیتیرمینیزمێکی ژێرپێکەوتووە، کە ئاماد نییە دەسەڵاتی واقیعی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر ببینێت و لە جیاتی ئەو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی بە عەمەلیکردنی سۆسیالیزم ڕوو دەکاتە هێزەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری.

بە کورتی یەکەمین کاریگەریی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم ئەوە بوو، کە چینی کرێکاری ڕوسیا حیزبی پێشڕەوی ئەو هەر لە سەرەتاوە ئیمکانیەتی بەدیهێنانی شێوازی ئابووری سۆسیالیستییان لە ڕوسیا بە زۆری بە دەلیلی "دواکەوتوویی ئابووری" ئەم وڵاتە، لە ستراتیژی خۆیاندا کەمڕەنگ کردبووەوە. ستراتیژی حیزب لەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئەڵمانیا داڕێژرا بوو، کە هەڵبەتە ئەگەرێکی واقیعی و مێژوویی بوو.

ڕەگێکی نادروستی تر لە بیرکردنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا، هێنانەخوارەوەی خودی بیرۆکەی سۆسیالیزم، موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە بۆ موڵکایەتی و ئابووری **دەوڵەتی** بوو. ئەم بیرکردنەوەیە نە تەنیا ئەمڕۆ بەسەر حیزبە سۆسیال دیموکراتە فەرمییەکاندا بەڵکوو بەسەر بەشێکی گەورەی چەپی ڕادیکاڵیشدا زاڵە. ئەمڕۆکە داکۆکیکەرانی سۆڤێت بۆ بە سۆسیالیست دانانی ئەم وڵاتە، ئاماژە بۆ نەمانی موڵکایەتی شەخسیی بۆرژوازی لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەم وڵاتەدا و زاڵبوونی موڵکایەتی دەوڵەتی دەکەن. بەشی گەورەی ڕەخنەگران ئەم لێکدانەوەیە لەسەر سۆسیالیزم قبوڵ دەکەن و بەخەمەوەبوونی



خۆیان خەرجی ئەوە دەکەن، ئەوە نیشان بدەن کە "دەوڵەتی سۆڤێت پرۆلیتێری نییە"، هەر بۆیە موڵکایەتی دەوڵەتی لەم لایەنە دیاریکراوەدا هاوتای سۆسیالیزم نییە. داشکاندنی سۆسیالیزم بە ئابووری دەوڵەتی، وەک لادانێکی بۆرژوازی لە تیۆری مارکسیزمدایە. ئەمە ئەو لێکدانەوەیەیە کە بۆرژوازی لە ئاستی جیهاندا برەوی پێ دەدات. بە داخەوە تا ئەمڕۆ بەرگرییەکی شێلگیرانەی تیۆری لە لایەن مارکسیستەکانەوە لە بەرامبەر ئەم لادانە بناغەییە لە ئاسۆی ئابووری چینی کرێکاردا شکڵی نەگرتووە.

تەوەری ئاوەها لێکدانەوەیەکی بۆرژوازیی بۆ سۆسیالیزم، بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی بۆرژوایی بۆ سەرمایەداری. لەم ڕوانگەیەدا سەرمایەداری نەک بە مانای پەیوەندی کار و سەرمایە، بەڵکوو بە مانای پەیوەندی سەرمایەکان لەگەڵ یەکتریدا ناسێنراوە. ئەمە ڕوانگەی تاک سەرمایەدارە و لەبەرئەوە تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ سەرمایەداری. کێبەرکێ و پشێوی بەرهەمهێنان، بە بنەڕەت و بناغەی سەرمایەداری دادەنرێت. لەبەر ئەوە لە بەرانبەریدا وەکوو ئەنتی تێزی سەرمایەداری، موڵکایەتی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی دادەنرێت. تەواوی ئەو لایەنانەی کە سەرمایەداری لەسەر بناغەی بوونی کێبەرکێ دەرک دەکەن، سۆسیالیزم دادەبەزێتە ئاستی موڵکایەتی دەوڵەتییەوە. ئەمە ڕێسایەکی گشتییە. بۆ مارکس و بۆ ئێمە وەک کەسانێکی مارکسیست کە بناغەی ڕەخنەی مارکسییان لە ئابووری سیاسی سەرمایەداری دۆزیبێتەوە، دەرککردن بەم خاڵە کە سەرمایە لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا و بە ئیعتباری پەیوەندییەکەی لەگەڵ کاری کرێگرتەدا پێناسە دەکرێت سادەیە. کێبەرکێ و لە ئارادابوونی فرەیی سەرمایەکان، **شێوەی** بوون و زاڵی تا ئێستای سەرمایەدارییە. **شێوەی** دەرەکیبوونی ماهییەتی دەروونی ئەوە. بەڵام ئەم ماهییەتە دەروونییە لەسەر بناغەی ئەم شێوەیە پێناسە ناکرێت. ناوەڕۆکێکی ئابووری دەستنیشانکراوی هەیە، ئەویش بەکاڵابوونی هێزی کار و چەوساندنەوەیەتی. مارکس بەرهەمهێنانی

زێدەبایی یانی دەرکەوتنی زێدەبەرهەم بە شێوەی زێدەبایی بە بناغەی سەرمایەداری ئەزانێت و ئەمە تەنیا بە زادەی کاڵابوونی هێزی کار و زاڵبوونی شێوەی کرێگرتەی کار دەزانێت. بۆ ئێمە ئاڵتەرناتیڤی سەرمایەداری، نەهێشتنی موڵکایەتی بۆرژوازی نەهێشتنی **کاری کرێگرتە** و دامەزراندنی موڵکایەتی سۆسیالیستییە بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا.

پێشەکی بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی ڕوس و بەشی زۆری قسە و باسە ئابوورییەکانی ناو ئەم لایەنە، پیشاندەری زاڵی ئەم تێڕوانینە نادروستەی ئەنتەرناسیۆناڵیستی دووەمە. تێڕوانینێک کە لەودا سەرمایەداری و قەیرانی ئەم ڕژێمە لەسەر بناغەی کێبەرکێ و پشێوی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێت. ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی چینایەتی سەرمایە دادەبەزێنرێت بۆ ڕواڵەتێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم، لەناوبردنی ئەم ڕواڵەتە دیاریکراوە، یانی کێبەرکێ و موڵکایەتی جۆراوجۆر بەسەر سەرمایەکاندا، دەکرێتە ئامانج. هەر وەک وتم دابەزاندنی سۆسیالیزم بۆ ئاستی ئابووری دەوڵەتی لەم ڕوانگەیەدا حەتمییە.

ئەم میراتە فیکرییەی ئەنتەرناسیۆناڵیستی دووەم سەرباری پایە **ڕووسیەکانی** ناسیۆنالیزم لە سۆسیال دیموکراسی ڕوسیادا کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئاسۆی کۆمۆنیزمی ڕوسیایان سەبارەت بەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە مومکین بوون لە بەرەبەیانی شۆڕشی کرێکاریدا تەسک دەکردەوە. دیسانەوە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە مێژووی حیزبی بۆڵشەڤیک و شۆڕشی کرێکاریی لە ڕوسیا، مێژووی دابڕانە لەم میراتانە. بەڵام خاڵی مەبەستی من ئەوەیە کە ئەم دابڕانە بە تەواوی و هەمەلایەنی ئەنجام نەدرا و بەرهەمە فکرییەکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا نەبووە وشیاری توێژی پێشڕەوی چینی کرێکار و حیزبە پێشڕەوەکەی. قسە و باس سەبارەت بە "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" یانی قسە و باس سەبارەت بە داهاتووی ئابووری شۆڕش، کە لە ساڵەکانی 24_ 28



دا کرا، بوو بە قوربانی ئەم ئاسۆتەسکی و نائامادەییەی حیزبی کرێکارانی پێشڕەو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانێکی بناغەیی وا کە بەردەوامیی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری پێویستی پێی بوو. ئەوەی کە لێنینیزم لە دەورەیەکی چەندین ساڵەدا شەڕی لە دژی کردبوو، جارێکی دیکە لەژێر گوشارە واقیعییە ئابووری و سیاسی و تەنانەت سەربازییەکاندا، ئەم جارەیان بە خاوەن دەف و دایەرەی تیۆریی تازەی خۆیەوە بەسەر پراتیکی حیزبی چینی کرێکاردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. نە تەنیا کۆمەڵی ڕوسیا لە میانەی گەشەی شۆڕشی پرۆلیتێری لە مەیدانی ئابوریدا بەرەو پێش نەچوو، بەڵکە تەنانەت ئەو ئەنتەرناسیۆنالیستە کۆمۆنستییەش کە لێنینیزم لە بەرامبەر سۆسیال دیموکراسیدا دایمەزراندبوو، خۆی جارێکی تر بووەوە بە ئامرازی بەرژەوەندی و ئاسۆی ناسیۆنالیستی لە وڵاتێکی دیاریکراودا.

## پرسیارە تەوەرەییەکان لە هەڵوێستگیرییەکی ئوسوڵیدا

ئەوەی کە وتم، دەبێت هێڵە گشتییەکان و شێوە ڕەفتاری ئێمەی لە مەسەلەی سۆڤێتدا ڕۆشن کردبێتەوە. هەر وەک وتم، مەبەستی ئێمە لەم باسەدا سەلماندنی شرۆڤەی تێزەکانمان نییە، بەڵکە ڕاگەیاندنیانە بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی جیاوازی بۆچوونەکانمان لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە ئەزموونی سۆڤێتدا هەن. بەو مەبەستەی باسەکە بە وەڵامدانەوەی کورتی هەندێک پرسیاری بنەڕەتی لە بەرەی سۆڤێتیەوە درێژە پێ دەدەین.

### 1_ ماهییەتی دەوڵەتی بۆڵشەڤیکی

شۆڕشی ئۆکتۆبەر بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک دیکتاتۆری پرۆلیتاریای لە ڕوسیادا دامەزراند. ئێمە ئەو ڕەخنە بە ڕواڵەت ڕادیکاڵە و لە ڕاستیدا ڕاست و بۆرژوازییە قبوڵ ناکەین کە گوایە ئەوەی لە ڕوسیا بەرپا بوو، دیکتاتۆری چینی کرێکار نەبوو. ئەو لایەنانەی

چەپ کە بانگەشەی لەو جۆرەیان هەیە، بە زۆری ئاماژە بە پەیوەندی حیزب و چین و چۆنیەتی دەخاڵەتی جەماوەری چینەکە لە دەزگای دەسەڵاتدارەتیدا دەکەن. دەڵێن دەبێت دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەسەڵاتی ڕێکخراوی هەموو جەماوەری چینی کرێکار لەسەر بناغەی شێوازێکی ئیداری (دیموکراتیک) بێت. گوایە لە ڕوسیا وا نەبووە و لەبەر ئەوەش بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە دەوڵەتی بۆلشەڤیکی_ شورایی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نەبوو. ئەمە بە بۆچوونی ئێمە داماڵینە (تەجرید) لە چینێکی واقیعی بە ڕێگرە واقیعییە سیاسی و عەمەلییەکانییەوە و داماڵاندنە لەو شکڵە مادییەی کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە هەنگاوی یەکەمدا، کاتێک کەلە هەناوی کۆمەڵی کۆنەوە سەردەردێنێت، بە خۆیەوە دەگرێ. ئەمە بە مانای داوەری کیتابی و مەحکومکردنی پرۆلیتاریای واقیعی و دەوڵەتی ئەوە. ئەمە بە مانای نەدانی توانای عەمەلی بە چینی کرێکار و بە هەڵە دانانی خەباتی ئەو و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەوە بە بیانووی کەموکورتی و ناتەواوییەکانی چۆنیەتی خستنەکاری دەسەڵاتی خۆی. ئەمە ئایدیالیزمە و مانا عەمەلییەکەی، پێشوەخت و لە سەرەتاوە نەفیکردنەوەی ئیمکاناتی سەرکەوتنی کرێکارانە. پێشتر سەبارەت بەم باسە، چ لە سیمینارەکانی سۆڤێت و چ لە وتارەکانی وەک دەوڵەت لە دەورانە شۆڕشگێڕانەکاندا، بۆچوونی خۆم باس کردووە.

ئایا مانای ئەم هەڵوێستەی ئێمە گوێنەدانە بە چۆنیەتی عەمەلی کارکرد و شێوەی دەزگاکانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا؟ بە هیچ جۆریک. مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئێمە مەحدودییەتە مێژوویی و مادییەکانی چینێک، کە زادەی کۆمەڵی کۆنن، هەروەها گوشارێک کە لە ململانێی توندوتیژی چینایەتی لە هەلومەرجی شۆڕشگێرانەدا پەیدا دەبێت، دەرک دەکەین و حیسابیان بۆ دەکەین. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە، کە بەو ڕادەیەی چینی کرێکار بتوانێت بە بێ کات بە فێرۆدان دیکتاتۆری خۆی بە شێوازەکانی خستنەکاری ئیرادەی جەماوەری فراوانی چینەکە بە دەزگاگەلی پێناسەکراو و دیموکراتیک



پشت ئەستور بکات، چینێکی بەتواناتر دەبێت. بەڵام قسە لەسەر هەلێکی مێژوویی دیاریکراو و هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوە. ئەگەر چینی کرێکار نەیتوانی ئاوا بکات، ئەگەر نەیتوانی ئەلگۆی ویستراو و تەسویری لەوە پێش خۆی بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یەکسەر عەمەلی بکاتەوە، ئەوا ئێمە لەو کەسانە نابین کە حاشا لە حکومەتی کرێکاران دەکەن و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کە لە مەیدانی مێژووی واقیعیدا بە شێوەی عەمەلی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە هەڵە دەزانن و لەقەبی لێ دادەماڵن. کرێکاران و ئەحزابی کرێکاری، دەبێت ئەوە بزانن کە لە ڕەوتی مێژووی واقیعیدا چەندین جار لەوەها هەلومەرجێکدا خۆیان دەبیننەوە. هەلومەرجێک کە لەودا کرێکاران دەسەڵات بەدەست دێنن، بەڵام دەستبەجێ و یەکسەر ماتریاڵی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ شکڵدان بە حکومەتێکی چینایەتی دەقاودەق وەک ئەلگۆی خۆیان دەست ناکەوێت. حیزبی بۆلشەڤیک شاهیدی ڕاوەستاوی پرۆلیتاریای ڕوسیایە لە پاراستنی حاکمیەتی خۆیدا سەرەڕای کەموکورتییە فەرمییەکانیش.

**2_ لادان و هەڵە تیۆری، سیاسی و ئیدارییەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر**

ئێمە ڕودانی زنجیرەیەک لە داڕوخان و پاشەکشەی سیاسی لە شۆڕشی ڕوسیادا ئینکار ناکەین. مەسەلەی ئێمە ڕوونکردنەوەی شوێنی واقیعی ئەم دیاردانەیە لە لێکدانەوەی هۆیەکانی شکستی شۆڕشی ڕوسیادا. ئێمە لە باسەکەی خۆماندا بایەخی بنەڕەتیمان بە کێشەی گۆڕانی ئابووری کۆمەڵ دا و هۆی بنەڕەتیی شکستی شۆڕشی کرێکاریی ڕوسیامان بە ناتەواوی حیزب و چینی پێشڕەو لە دەستبردن بۆ بناغەی ئابووری کۆمەڵی سەردەم و ژێرەوژووركردنی دانا. لەوانەیە ئەو ڕەخنەیەمان لێ بگیرێت کە هۆی بنەڕەتی ئەم ناتەواوییە دەبێت لە مەیدانی سیاسی و لە پاشەکشەکانی حیزب و دەوڵەتی کرێکاریدا ببینرێتەوە. دەرکەوتنی بیرۆکراتیزم، لاوازکردنی

ديموكراتی دەروون حیزبی، کەمکردنەوەی توانایی ئۆرگانە کرێکارییە جەماوەرییەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ حیزب و دەوڵەت، سازشی جۆراوجۆر لەگەڵ دەزگاکانی کۆمەڵی کۆن و یا گوشارە عەمەلییەکانی بۆرژوازی و هی تردا، ئەو فاکتەرانە بوون، کە تا ساڵی 1924 ئیتر توانای پێشڕەوییان لە مەیدانی ئابووریدا لە پرۆلیتاریا سەندبووەوە. ئەمە ڕەخنەکەیە. ڕەخنەیەکی تر لەوانەیە ئەوە بێت کە ئەرکی سەرەکیی پرۆلیتاریای ڕوسیا دەستبردن بۆ مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەبوو. مەسەلەی سەرەکی دەوڵەتی پرۆلیتاری، پاراستنی پوختەیی و ئوسولیەتەکەی و کۆمەک بۆ بەرەوپێشبردنی شۆڕش لە ئاستی جیهانیدا بوو. ئابووری ڕوسیا دەکرا لەم ماوەیەدا سەرمایەداری دەوڵەتی وە یان هەر شکڵێکی تر بە خۆوە بگرێت، ئێمە هیچ یەکێک لەم دوو مامەڵەیە قبوڵ ناکەین. لە بارەی دووەمەوە، پێشتر قسەم کردووە. بە بۆچوونی من ئەمە زەینگەرایی و خۆ دوورگرتنە لە وەڵامدانەوە بە مەسەلە ماددی و واقیعییەکانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. چاوەڕوانیی، هەر چەندە چاوەڕوانییەکی کاراش بێت بۆ شۆڕشی جیهانی ناتوانێت جێگەی پێشڕەویی شۆڕشێکی دیاریکراو لە دەورەیەکی دیاریکراودا بگرێتەوە. مەسەلەی ئاسۆ و داهاتوی ئابووری ڕوسیا لە ساڵەکانی 1924 بە دواوە بە شێوەیەکی جیدی دەخرێتە ڕوو و دەبوایە وەڵامیان بداتەوە. سەرمایەداری دەوڵەتی وە یان (هەر شێوازێکی دیکە) وەڵامی مەسەلەکە نییە. ئەمە دەورانێکە کە ئیتر دەبێ شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا حوکمی ئابووری خۆی دەربکات، ئەگەر نا، ئەوا تەنانەت **دەسەڵاتی سیاسی** خۆشی لە دەست دەدات.

بەڵام سەبارەت بە خاڵی یەکەم، یانی پێشخستنی لێکدانەوەی لادانە سیاسییەکان لە باسی ناسینەوەی هۆیەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاریدا، دەبێت وردتر قسەی لەسەر بکەم. بە بۆچوونی من دەبێت قەناعەتمان بە جیاوزیگەلێکی جیدی هەبێت لە نێوان ئەو داڕوخانە سیاسییەی کە ڕەنگدانەوەی ژێربینایەکی ماددی و ئابووری دووبارە



بەرهەمهاتووی دواکەوتوو و بۆرژوازییە و ئەو هەڵە و ناتەواوی و مەیلە نەخوازراوە سیاسییانەی کە ئێستا ئیتر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دووبارە بەرهەم ناهێنرێتەوە و لە ڕاستیدا لە کەموکورتی و فشارە کاتییەکانی تەنگانە برگەییەکانەوە، یا لە هێزی عادەت و پەروەردەی کۆنی هێزی پێشڕەوەوە بەدی دێن. هەڵەی سیاسی و نەزەری و جۆراوجۆر لە هەمان بەرەبەیانی ئۆکتۆبەری 1917دا هەیە. مەیلی نەخوازراوی جۆراوجۆر بەرەو سازش لەگەڵ دەزگاکانی کۆمەڵی کۆندا و گەشەی بیرۆکراسی لاوازکردنی دیموکراسی دەروون حیزبی و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران و دوورکەوتنەوە لە قوڵکردنەوەی گۆڕینی سیاسی لە ژیانی حقوقی و فەرهەنگی و شتی تردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەمانە بۆ ئێمە لیستێک لە هۆیەکانی شکست نین، چونکە هێشتا ململانێی چارەنووسسازی پرۆلیتاریا لەسەر مەسەلەی گۆڕینی ئابووری نەهاتۆتە پێشەوە. ئەم ململانێیە لە دەیەی (20)ەوە دەستی پێ کرد. ئەگەر لەم ململانێیەدا ئاڵتەرناتیڤی موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، ئاڵتەرناتیڤی پرۆلیتاریا لە زەمینەی دوورنمای ئابووری ڕوسیادا سەرکەوتایە، ئەو کاتە ئەم مەیلە سیاسی ئیدارییە نەخوازراوانە نە تەنها لە هەر جۆرە پایەیەکی مادی بۆ مانەوە بێبەش دەبوون، بەڵکوو لە ڕەوەندی گۆڕانی قوڵی ئابووری کۆمەڵیشدا کەمڕەنگ دەبوون و جێگای خۆیان بە شێوەکار و کارکردی سیاسی هاوتا لەگەڵ ئەم ئابوورییە لە حاڵەتی گۆڕاندا و لەگەڵ ئەم پێشڕەوییە تازەیەی شۆڕش لە چارەنووسسازترین مەیدانی خۆیدا دەدا. بەڵام ئەگەر بەو جۆرەی کە بەکردەوە بەدی هات لە ئاڵتەرناتیڤی ناسیۆناڵ_ سەنعەتی بۆرژوازی ئاسۆی حەرەکەتی ئابووری ڕوسیای پێک بهێنایە، ئەو کاتە هەمان ئەو هەڵە و ناتەواوییانە، کە لە دەورانی شۆڕشدا توخمی لاوەکی و ڕێکەوت و بێبایەخ بوون لە دیاریکردنی چارەنووسی شۆڕشدا، ئەم جارە دەبوون بە بەشی ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووی سەرخانی

سیاسی، هەر وەک بوون. لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕانی هەڵە و ناتەواوییە سیاسی و حقوقی و ئیدارییەکان بۆ داڕوخانێکی هەمەلایەنەی سیاسی، بە یەکلابوونەوەی مەسەلەی ئابووری بە قازانجی ژێرخانێکی ئابووری بۆرژوازی و یەک ڕەوتی گەشەی ئابووری کاپیتالیستی بەستراوەتەوە. نموونەی بیرۆکراسی نموونەیەکی باشە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە. دەوڵەتی کرێکاری لەژێر گوشاری بار و دۆخی دوای شۆڕش دەستی دایە سازشی جۆراوجۆر. سوپای سور سودی لە داروباری سوپای قەیسەری وەرگرت. کارگێڕییان لەسەر شانی بیرۆکراتەکان بنیاد نا. ئیمتیازیان بە هەندێک توێژی کۆمەڵ دا، تا لە پسپۆری و توانا کارگێڕییەکانیان سود وەربگرن. هەموو ئەمانە بێگومان گەواهیبوونی مەیلی نەخوازراو بوون لە مەیدانی سیاسی و کارگێڕیدا. بەڵام بیرۆکراتیزم بەر لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (20)، نیشانەی سازشی چینی پێشڕەو بوو لەگەڵ ئەو گوشارە **دەرەکییانەی** کە دەخرایە سەری. ئێمە ئەتوانین ئەم سازشانە هەموو یان هەندێکیان بە ناچاری نەزانین، بەڵام لەوەدا ناتوانین دوودڵ بین، کە ئەم مەیلانە خەریک بوون بەسەر هێزی **پێشڕەودا دادەسەپێنران.**

دەیان نموونە لە قسە و باسی ڕابەرانی بۆلشەڤیکی هەیە کە ئەوە نیشان ئەدەن ئەوان ئاگاداری ئەم مەیلە نەخوازراوانە بوون و لێیان بێزار بوون و هەوڵیان داوە پوچەڵیان بکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سازشی کاتی و ڕەوتەنی ناویان بردوون، کە بە چەسپاندنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ئیدی ناچار نابن ملی پێ بدەن. بەڵام پاش دەیەی (20)، کاتێک کە ڕێگەی پشتبەستوو بە سەرمایەداری دەوڵەتی، پشتبەستوو بە کاری کرێگرتە، وەک بناغەی حەرەکەتی کۆمەڵی شۆڕش کردوو، سەقامگیر بوو، کاتێک گەشەی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی وەک بنەمای دووبارە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی جێکەوت، ئەوسا ئیتر بیرۆکراسی گوشار و سازشی **دەرەکی** نییە، بەڵکوو دەبێت بە بەشێکی **ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووەوەی**



سەرخانی سیاسی. لێرەوە ئیتر ئێمە بیرۆکراسی وەک دەزگایەکی سەرخانیی گونجاو لەگەڵ ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ و دینامیزمی گەشەی شێوازی ژێرخانیی ناودەبەین. شوراکان پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە هۆی جۆراوجۆر و بەزۆری لەژێر گوشاری هەلومەرج و باری نائاساییدا لاوازبوون. ئاشکرایە کە دامەزراوە کرێکارییەکان هەموو لە دەوری بەهێزکردنی حیزبی کرێکاران و دەوڵەتی کرێکاران سازدرابوون و لەم نێوەدا شێوازەکانی دەسەڵاتی ناحیزبی و ڕاستەوخۆی کرێکاری لاواز بوون. بەڵام پاش یەکلابوونەوەی مەسەلەی ڕەوەندی حەرەکەتی ئابووری بە قازانجی ئاسۆی بۆرژواناسیۆنالیستی، ئیتر نابێت هۆی لەبەریەک هەڵوەشان و دیارنەمانی شوراکان و زاڵبوونی بیرۆکراسی، لە هەلومەرجی نائاسایی و بڕگەییدا ببینرێتەوە. بیرۆکراسی سەرخانێکی سیاسی گونجاو لەگەڵ ئاسۆی ئابوورییەکی سەرمایەدارانە و دەوڵەتیدا بوو کە لە کۆمەڵدا سەقامگیر بوو. لە دەورەی یەکەمدا شوراکان لاوازکران تا دەوڵەتی کرێکاری لە کێشەکانی ڕزگار بێت. لە دەورەی دووەمدا دەبوایە شوراکان بە یەکجاری وەلا بنرێن تا میکانیزمی بڕیاردانی سیاسی و ئابووری لەگەڵ لۆژیکی بۆرژوازی گەشەی ئابووری کۆمەڵدا هاوتا بێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان لادانەکان و هەڵە سەرخانییەکانی کۆمەڵی ڕوسیای ڕاستەوخۆ و پاش شۆڕش (لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، فەرهەنگی و هی تردا) و داڕوخانی سیاسی پاش دەیەی (20)دا دەبینین. ناتەواوییە سیاسی و سەرخانییەکان لە دەورەی یەکەمدا بە بۆچوونی ئێمە فاکتەرێکی لاوەکیتر و بێ بایەخترن، کە لە دیاریکردنی چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیادا ڕۆڵی دیاریکەریان نییە. ئەمانە کۆمەڵە گرایش و کەموکوڕییەکن، دەکرا قەرەبوو بکرێنەوە و وەلا بنرێن. ناکرێ ئەوانە وەک فاکتەریی خەسڵەتنوما لە لێکدانەوەی شۆڕشی کرێکاریدا حیساب بکرێن. بەڵام لە دەورەی پاش دەیەی (20)دا، کاتێک کە

ڕێگای گەشەی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی زاڵ بێت. ئەم تایبەتمەندییە سەرخانییانە دەبنە بەشە ئۆرگانیک و دووبارە بەرهەمهاتووەکانی ڕژێمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. سەرخانیک کە تایبەتمەندی بنەڕەتی ژێرخانی بەرهەمهێنان لە خۆیدا دەنوێنێت.

ڕێم پێ بدەن لە ڕێگەیەکی تریشەوە ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە. ئەگەر ئەو دابەشکارییەی کە لە وتاری دەوڵەت لە دەورانە شۆڕشگێڕانەکاندا ئاماژەم پێ کردووە. یانی دابەشکاری دەورانی پاش شۆڕش، دەورەیەکی بە مانای تایبەت شۆڕشگێری و دەورەی سەقامگیربوونی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە بەرچاو بگرین، ئەو کاتە دەکرێ مەسەلەکە بەم جۆرە بخرێتە ڕوو، لە دەورەی یەکەمدا، کاتێک کە مەسەلەی تەوەرەیی شۆڕش چەسپاندنی دەوڵەتی تازەی کرێکاریی بوو، زۆر سازش بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا. ئەم سازشانە نە بێڕەوشتی بوون نە نائوسوڵی. بە زۆری لە بەهێزی دوژمن و هەلومەرجی باری نائاسایی و بەرگری توندوتیژی بۆرژوازی خۆولاتی و جیهانییەوە سەرچاوەیان دەگرت. چینی کرێکاری ڕوسیا و ئیدارەکان لەم دەورەیەدا بە پێچەوانەی مەیل و خواست و گەلاڵەی حیزبی پێشڕەو بەسەریدا دەسەپێنرێت، چینی کرێکاری ڕوسیا دەورەی یەکەمی سەرەڕای هەموو ئەم سازشانە بە سەرکەوتوویی تێپەراند. لە ساڵی (24)دا ئیتر دەوڵەتی کرێکاری دەسەلاتی سیاسی خۆی لە دژی بەرگری بۆرژوازی چەسپاندبوو. بەلام هەر بە هەمان هۆ، مەسەلەی ناوەڕۆکی ئابوری شۆڕشی کرێکاری و ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەبێتە مەسەلەی ناوەندی لە گەشەی شۆڕشدا، یانی ئەنجامدانی **ئەم شۆڕشە ئابوورییەی** کە ئەنگلس واتەنی بە بێ ئەوە سەرکەوتنی سیاسی چینەکەش پووچەڵ دەبێتەوە. ئەم شۆڕشە ئابوورییە ڕووی نەدا. چونکە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو بە شێوەیەکی ماددی ئاسۆیەکی لەم بابەتەیان لە بەرامبەر خۆیاندا دانەنابوو. ناسیۆنالیزم و سەنعەتگەرایی بۆرژوازی یانی ئاڵتەرناتیڤی ڕیشەدار و



زەمینەداری بۆرژوازی ڕوسیا بە درێژایی سەدەی بیستەم کە سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا بە ڕوونی سنووری خۆی لەگەڵیدا پێناسە نەکردبوو، لەم قۆناغەی شۆڕشدا سەرکەووتوانە هاتەدەر. بەرئەنجامی ئەوەی کە ناتەواوییەکان و هەڵە سیاسی و ئیدارییەکانی دەورەی یەکەم نە تەنیا لە ئەنجامی شۆڕشێکی گەورەی ئابووریدا، شۆڕشێک کە دەبوایە مولکایەتی سۆسیالیستی دامەزرێنێت لا نەبران و قەرەبوو نەکرانەوە، بەلکوو بە سەرکەوتنی ئاسۆی ئابووری بۆرژوازی بە پێناسەکردنی دوورنمای ئابووری دەوڵەتی پشتبەستوو بە کاری کرێگرتە بۆ کۆمەڵی ڕوسیا، ئەم هەلانە گەیشتە ئاستێکی بەرزتر. بیرۆکراتیزم و نەمانی دیموکراسی ناوخۆیی، بێمافی و نەمانی شوراکان نەهێشتنی کۆنترۆڵی کرێکاریی و شتی تر، هەموویان وەک بەشی ئۆرگانیکی ئەم شێوازە ئابوورییەی بۆرژوازی جێگیر بوون. ئێستا ئیتر ئەم دیاردانە وەک سەرخانی گونجاو لەگەڵ ڕەوەندی ئابووری تازەدا **دووبارە بەرهەم دێتەوە**. بەپێی ئەمە، ئێمە ئەتوانین لە هەر دوو دەورەکەدا ئەم گرایشە لادەرانانە لە سەرخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵی ڕوسیادا وەک کۆمەڵە فاکتەرێکی ناچارەنووسساز ناوبەرین. لە دەورەی یەکەمدا ئەم فاکتەرانە بە بەراوردکردنیان لەگەڵ پێویستیی چینی کرێکار بۆ چەسپاندنی دەسەڵتدارێتی خۆی لاوەکین. لە دەورەی دووەمدا، ئەم گرایشانە بێ پێشینە نین، بەڵکوو بەرهەم و ئەنجامی لادانێکی ژێرخانیتر و بنەڕەتیتر یانی هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەی بۆرژوای بۆ کۆمەڵی ڕوسیان.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم: یەکەم لەوانەیە پرسیار بکرێت کە بۆچی ئێمە لادانە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی دەورەی یەکەم بە قابیلی قەرەبووکردنەوە دەزانین. بە بۆچوونی من ئەگەر کەسێک قەبوولی بێت کە ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە لە ڕوسیا پێویست بوو، بریتی بوو لە شۆڕشێکی ئابووری، ئەگەر قەبووڵی بێت کە شۆڕشێکی وا لە دەیەی (20)دا هێشتا لە ڕووی بابەتییەوە

مومکین بوو، هەلی مێژوویی بۆ ئەنجامدانی هەبوو، ئەو کاتە دەرکی ئەم مەسەلەیە کە شۆڕشێکی وا لەگەڵ خۆیدا بوژاندنەوەی شوراکان بوژاندنەوەی فراوانترین دیموکراسی پرۆلیتری لە دەروونی دەزگای دەوڵەتی و حیزبیدا و نەهێشتنی بیرۆکراتیکی بەدی دێنێت، دژوار نییە.

هەونگاونان ڕووەو دامەزراندنی خاوەندارێتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، هەنگاونان ڕووەو خستنەکاری کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی کرێکاران لەسەر ئابووری و بڕیاردانی ئابووری، جارێکی تر لایەنە تەواوکەرەکانی شێوازە بیرۆکراتی و بۆرژواییەکانی لە ئاستی سیاسی و کارگێڕیدا دەدایەوە بەر هێرش. بەرگری ئەم شێوازانە زۆر لە بەرگری سەرتاپای ڕژێمی ئیداری و سیاسی تزاریزم و بۆرژوازی ڕوسیا لاوازتر دەبوو.

ئێمە جیاوازییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا هەیە کە دەڵێ، ستالین کە دەستی باڵای پەیدا کرد، بە دەرکردنی فلان بڕیار سەبارەت بە مافی فراکسیۆنەکان و بە فلانە دەخالەتی شورای کۆمیسارەکانی خەڵک بۆ بەرتەسککردنەوەی مەودای دەسەلاتی شوراکان و کۆمیتەکانی کارخانە، ئیتر فاتیحای شۆڕش و دیموکراسی کرێکاریی خوێنرایەوە و ڕێگای گەڕانەوە نەماوە. هەر ئەم حیزبە بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە لە حاڵەتی هەبوونی پێشڕەوی خاوانداریێتی سۆسیالیستی و شێوازە سۆسیالیستییەکانی بەرهەمهێنان، دەیتوانی لە قسە و باسە ئابوورییەکانی دەیەی (20)دا سەربەرز بێتە دەر و بەم پێیە، پایە ماددییەکانی لابردنی ناتەواوییە سیاسی و ئیداری و کەموکوڕییە سەرخانییەکانی کۆمەڵ بەدی بێنێت. گیروگرفتی ڕاستەقینە لەم ناتەواوی و هەڵانەی حیزبدا نەبوو، بەڵکوو لە ناتەواوییەکی بنەڕەتی**تردا** بوو. کە ئەویش نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن دەربارەی شێوازەکانی خاوەندارێتی و بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی بوو.



خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەو دیدگایەنەدا کە بناغەی لێکدانەوەی خۆیان لەسەر مەیلە لادەرە سەرخانییەکان لە حیزب و کۆمەڵی ڕوسیا دادەڕێژن، ئەو دیدگایانەی کە داڕوخانی شۆڕشی ڕوسیا بە ڕەنگدانەوەی داڕوخانی سیاسی حیزب یان داڕوخانی ئیداری دەوڵەت دەبینن، بە هیچ جۆرێک نایەینەوە. ئەم داڕوخانە سیاسییە **ئەنجامی** داڕوخانی ئابووری شۆڕشە، نەک هۆی ئەو، وە دەبێت وەک ئەنجامێکی ناچاری ئەم داڕوخانە ئابوورییە ڕوون بکرێتەوە. لە لایەکی ترەوە ئێمە ئەو بایەخەی کە هەندێک دیدگا بە پێشێلکردنی دیموکراسی دەدەن لە دەورەی یەکەمی شۆڕش (یەکسەر دوای ئۆکتۆبەر)دا، بە ڕاست نازانین. ئەمە تێڕوانینێکی دیموکراتیکە بۆ شۆڕشی کرێکاریی. لەگەڵ ئەوەشدا کە حەتمەن دەبوایە هەوڵ بدرێت تا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا هەر لە ئەوەڵەوە پێشکەوتوترین شێوازی دیموکراسی پرۆلیتێری بگرێتە بەر. سەرنەکەوتنی کرێکارانی ڕوسیا لەم کارەدا، هۆی سەرەکی شکستی ئەوان نەبوو. سەرەڕای ئەم کەموکورتییانەی ئەوان، قۆناغێکی دیاریکەریان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند. هۆی بنەڕەتی شکستی یەکجاری کرێکاران لە ڕوسیا دەبێت لە شکستی ئابووری چینەکە لە دەیەی (20)دا تاووتوێ بکرێت. ئەگەر کرێکاری ڕوسیا لەم شەڕە دیاریکەرەدا لە قۆناغی دووەمدا سەرکەوتایە، ئەو کاتە کێشە و کەموکورتییەکانی دەورەی یەکەم وەک ئازارێکی کاتی و ڕەوتەنی ژانی لەدایکبوونی کۆمەڵێکی نوێ لە جێی خۆیان دەنیشتنەوە و لە مێژووی گشتی ڕوسیای پاش شۆڕشدا کەمڕەنگ دەبوون.

### 3_ "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" و چارەنووسی ئابووری شۆڕشی ئۆکتۆبەر

کۆمەڵی ڕوسیا لە 1923دا ئیتر قۆناغی یەکەمی شۆڕشی کرێکاری بەسەربردبوو. دەسەلاتی سیاسی کرێکاران، سەرەڕای هەموو سازشەکان، کەموکورتییەکان و هەڵەکان هەر چۆنێک بوو لە

بەرامبەر بەرهەڵستی ئاشکرای سیاسی و سەربازی بۆرژوازیدا سەرکەوتوو و سەربەرز هاتەدەر. ئێستا ئیتر مەسەلەی بناغەی شۆڕشی ڕوسیا، یانی گۆڕینی ئابووری کۆمەڵ لە سایەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا وردە وردە دێتە پێشەوە. ئەمە مەسەلەیەکە کە لە مەنتیقی ئەو ململانێیانەدا کە لە دەوری باسی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" شکڵی گرت، تاوەکووساڵی 29 ئیتر بە یەکجاری ڕوون دەبێتەوە. ئاسۆی ئابووری بۆرژوازی و ڕێگاگەشەی ئابووری سەرمایەدارانە لەم دەورەیەدا زاڵ دەبێت و لە دەیەی (30)دا ئێمە ئیتر لەگەڵ حەرەکەتی گشتی کۆمەڵ لەم ڕەوەندەدا ڕووبەڕووین. لەم دەورەیەدا ئیتر کامڵبوونی بۆرژوازی کۆمەڵی ڕوسیا **سەرەکییە** و خەباتی کرێکاری، خەباتێکە لە هەمبەر ئەم قانونمەندییەی حەرەکەتی کۆمەڵدا. سەبارەت بە باسی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" دەربڕینی ڕای خۆمان لە بارەی چەند مەسەلەیەکەوە بە ڕاشکاوی زەرورییە:

یەکەم: بە بڕاوی ئێمە لە ڕووی تیۆرییەوە، **سەربەخۆ لە باسی سۆڤێت**، دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا، یانی دامەزراندنی شێوازێکی ڕاوەستاو و پشتبەستوو بە موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە و هاوڕێک لەگەڵ ئەو نەخشانەی کە مارکس وەکوو قۆناغی پایەیی قسەی لەسەر دەکات بە تەواوی ئیمکانی هەیە، نە تەنیا ئەمە، بەڵکە مەسەلەیەکی حەیاتیشە لە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریدا. دامەزراندنی سۆسیالیزم ئەرکێکی دەستبەجێ و حەیاتی هەر چینێکی کرێکارە کە ئەتوانێت لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بێنێت. ئێمە ئەو دیدگایانەی کە بە هەر بیانوو مەبەستێکەوە بێت، وەکوو باسی "زەرورەتی شۆڕشی جیهانی"، "دواکەوتوویی ڕوسیا"، "سنووربەندی لەگەڵ ستالینیزم و ناسیۆنالیزم)" و شتی تر، کاری بەدیهێنانی ئابوورییەکی سۆسیالیستی پشتبەستوو بە موڵکایەتی سۆسیالیستی و نەهێشتنی کاری کرێگرتە لە دەستوری پرۆلیتاریای بەدەسەڵاتگەیشتوو لە یەک



وڵاتدا دەنێتە لاوە و هەواڵەی دەورەیەکی تری دەکەن، بە هەڵە و نامارکسیستی دەزانین.

دووەم: بە بڕوای ئێمە جیاوازییەک کە مارکس لە نێوان دوو قۆناغی کۆمۆنیزمدا پێناسەی دەکات، جیاوازییەکی زۆر ڕۆشنە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باسی ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە هەیە. ئێمە کۆمۆنیزم (قۆناغی باڵا) لە تاکە وڵاتێکدا بە مومکین نازانین. هۆی ئەم باوەڕەش ئەوەیە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە فراوانبوونی ئابووری، پەرەسەندنی سەرسوڕهێنەری هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە جێگا و شوێنی ئینسان لە کۆمەڵدا، ڕەوشت و شتی تردا و لە دواییدا نەمانی دەوڵەت، کە بە بڕوای ئێمە ئەمانە لە چوارچێوەی تاکە وڵاتێکدا ناکرێ بێنەدی. بۆ نموونە، مادام سنووری نێوان وڵاتەکان هەبن و ئەم سنوورانەش هێڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵە سۆسیالیستییەکان لە کۆمەڵە سەرمایەدارییەکان بن، نەمانی دەوڵەت عەمەلی نییە. بەڵام سۆسیالیزم بە مانای قۆناغی سەرەتایی، نە تەنیا عەمەلییە بەڵکوو هەر وەکوو گوتمان زەروریشە.

سێیەم: دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە لە پلمیکە ئابوورییە ناوخۆییەکانی حیزبی بۆڵشەڤیک لە نێوەڕاستی دەیەی (20)دا، "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ئاڵا و دەروازەی هەڵدان و گەشەی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی بوو بە هەمان ئەو مانایەوە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، یانی زاڵبوونی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی بۆ حەرەکەتی کۆمەڵ لە ڕووی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. بە واتایەکی دیکە، هەر چەندە دەستەواژەی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" خۆی لە خۆیدا هەڵگری لادانێک نییە، بەڵام "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" وەک ئاڵای ڕەوتێکی دیاریکراو، لە دەورەیەکی دیاریکراو، لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، ڕەمزی یەک بزووتنەوەی گەورەی دژی کرێکاری و نیشانەی وەستان و شکستی شۆڕشی ڕووسیا بوو. ئێمە ئەم ڕەوەندە وەک هەڵگری ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی لە کۆمەڵی

بۆرژوازی لە کۆمەڵی ڕوسیادا مەحکوم دەکەین. لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، یانی لە هەلومەرجێکدا کە کرێکاران دەسەڵاتیان لە دەستدا بوو، سۆسیالیزم لە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی جەماوەری بەهرەمەند بوو، بووبووە پێناسەیەک کە ڕاست و ڕەوابوونی هەر هەنگاو و پێشڕەوییەکی پێ دەناسرایەوە، لە هەلومەرجێکدا کە بۆرژوازی هیچ نوێنەرێکی ڕاستەوخۆی لەو ململانێیانەدا نەبوو کە پەیوەندییان بە ڕەوەندی حەرەکەتی ئابووری ڕوسیاوە هەبوو، ئەم فۆرمۆڵبەندییە بوو بە شکڵی ناچاری دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی. گەشەی سەرمایەدارانەی بازاڕی ڕوسیا لەژێر ناوی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" لە بەرامبەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا دانرا.

لە بەرامبەر ئەو ڕەوەندانەدا، ئەو بەرهەڵستکارانەی کە بە ڕوونی ئاگاداری گەشە و هەڵدانی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لەژێر ئەم ئاڵایەدا بوون، پەنایان بردە بەر بیری "شۆڕشی جیهانی". ئەم ڕیزبەستنەچەند خاڵێکی جێگای سەرنج تەرح دەکات. لە پلەی یەکەمدا ئەم واقیعەتە کە جیاوازی بۆچوون، نە لەسەر وشەی "سۆسیالیزم" بەڵکوو لەسەر دەستەواژەی "یەک وڵات" لەم هەڵوێستەدا فۆرمۆڵە کراوە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کە لێکدانەوەی بەرهەڵستکاران لە "سۆسیالیزم" لەگەڵ هێڵی فەرمیی ستالیندا جیاوازییەکی نەبوو. دەردەکەوێ کە هیچ کەسێک جیاوازی لە نێوان ئەو هەنگاوانەی کە هەڵدەهێنرانەوە و بە سۆسیالیزم ناو دەبران هەست پێ نەکردبێ و گوایە کێشە لەسەر مومکینبوون و نەبوونی ئەو هەنگاوهەڵگرتنانە بووە لە چوارچێوەی یەک وڵات. حەرەکەتی دوای شۆڕشی ڕوسیا نیشانی دا کە چۆن بەکردەوە باڵی ستالین پلاتفۆرمی ئابووری ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو (ترۆتسکی_ زینۆڤیف)ی عەمەلی کرد و چۆن ترۆتسکیزم هەر بەو حەرەکەتە بۆ هەتا هەتایە لە مەیدانی ڕەخنە لە پێکهێنانی ئابووری سۆڤێت چەک کرا. ڕەوەندی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە ڕەخنەی لێ نەگیرا. "سۆسیالیزم"ی ئەم ڕەوتە کە



تێکەڵێک بوو لە دەوڵەتیکردنی ئابووری، سەنعەتیکردن و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە هێشتنەوەی کاری کرێگرتەوە، هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی سۆسیالیستی لە بەرامبەردا دانەنرا. لە ململانێ و کێشەی ئۆبۆزیسیۆندا، پرۆلیتاریای سۆسیالیست و ئامۆژگاری و ئاماژەکەی ئەنگڵس سەبارت بە زەرورەتی **شۆڕشی ئابووری** پاش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نوێنەرایەتی نەکران.

خاڵی دووەم ئەوەیە، کە هەر ئەم واقیعەتە هۆیەکانی سەرکەوتنی هەوادارانی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ڕوون دەکاتەوە. لەو سەروبەندەدا کە شۆڕشی ڕوسیا گەیشتبووە ئەڵقەیەکی چارەنوسساز لە چارەنووسی خۆی، یانی لە سەروبەندی یەکلاکردنەوەی کاری شۆڕشی ئابووریدا، ئۆپۆزیسیۆن بە هیچ جۆرێک لە بەرامبەر قەڵەمرەوی **ئابووریدا** ئاڵتەرناتیڤی نەبوو. هەڵوێستی "شۆڕشی جیهانی" نەیدەتوانی چەکێک بێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازییەکدا کە لە پشتی "سۆسیالیزم لە یەک وڵات"ەوە ئاڵتەرناتیڤی بۆ مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسسازی کۆمەڵ، ڕەوتی حەرەکەتی ئابووری پاش شۆڕش دەخستە ڕوو. ئۆپۆزیسیۆن بوو بە قوربانی نامۆیی خۆی لەگەڵ مێژووی واقیعی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیادا.

هەر چۆنێک بێت کاتێک کە بە پێودانگێکی فراوانتری مێژوویی تەماشای ئەم دەورەیە لە شۆڕشی ڕوسیا دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خەتی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ماتریاڵ و ئامرازی گەیشتنەوەی سەرلەنوێی بۆرژوازی ڕوسیایە بە دەسەڵات. ئەمە سەربەخۆیە لە نییەتەکانی ئەو تاکانەی کە ئەم خەتەیان نوێنەرایەتی دەکرد. بە هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەی ناشۆڕشگێڕانە و سەرمایەدارانە، بە وەلاخستنی کاری پڕ بایەخی شۆڕشی ئابووری و دابەزاندنی بۆ ئابووری دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی، خەتی ستالین ڕێگای گەشەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵی ڕوسیا و بەردەوامی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا داخست. لەم نیوانەدا ئۆپۆزیسیۆن و خەتی

"شۆڕشی جیهانی" لە باشترین حاڵەتدا نوێنەرایەتی ئەو ڕادیکاڵیزمەیە لە حیزبی بۆلشەڤیکدا کە بۆنی پاشەکشەی دەکرد. بەڵام خۆشی لە بنەڕەتدا ڕیگا چارەیەکی جیاوازی نییە و دەست دەداتە بەرگرییەکی بێ ئەنجام لەسەر بناغەی پلاتفۆرمێکی سیاسی_ دیموکراتیک. ئەم جێگا و شوێنەی ئۆپۆزسیۆن، لە هەمان کاتدا بوو بەهۆی ئەوەی کە بەشە ڕادیکاڵەکانی پرۆلیتاریا، ئەو بەشەی کە لە لاوازکردنی شوراکان، نەهێشتنی کۆنترۆڵی کرێکاری، گەشەی بیرۆکراسی، دابەزینی ئاستی گوزەرانی پرۆلیتاریا و شتی تر نارازی بوون، یەکەم لە کولییەتی خۆیدا نوێنەرایەتی نەکرێت و دووەم لە لاوە بەدوای ئۆپۆزسیۆنێکدا کێش کرێ کە لەسەر بناغەی پلاتفۆرمی زۆر سنووردار و ناشۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر خەتی ستالیندا وەستابوو. ئۆپۆزیسیۆنێک کە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕادیکاڵیزمی واقیعی شۆڕش، لە نوێنەرایەتیکردنی حەرەکەتی حەیاتی شۆڕش بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانێکی گەورە لە شێوازی ئابووریدا بێتوانا بوو.

ڕیگام بدەن لەم پەراوێزەدا ئاماژە بە لایەنێکی دیکەی هەڵوێستەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەم. ئەمڕۆکە زۆر کەس، لەوانیش هەندێک هاوڕێ لە سیمینارەکانی خۆماندا. باوەڕی ئۆپۆزسیۆن بە "زەرورەتی شۆڕشی جیهانی" و "لە توانادانەبوونی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" بە بەڵگەی "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ی ئەو دەزانن. بە بۆچوونی من ئەم ڕوانگەیە هیچ لایەنێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی تایبەتی نییە. بۆ دەبێت کەسێک لەو بڕوایەدا بێت، کە چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا، بە دەلیلی دواکەوتوویی ڕوسیا لە ڕووی پیشەسازییەوە، بە شۆڕشی ئەڵمانیاوە بەستراوەتەوە، ناوی ئەنتەرناسیۆنالیستی لێ بنرێت؟

ئەنتەرناسیۆنالیزم یانی باوەڕبوون بە خەسڵەت و ناسنامەی جیهانیی چینی کرێکار و داکۆکی لە شۆڕشی کرێکاری لە هەر شوێنێک و لە گشت شوێنێک. یانی داکۆکی لە شۆڕشە کرێکارییەکان لەبەر کرێکارییبوونیان. بەڵام ئەگەر کەسێک لە شیکردنەوەی موشەخەسی خۆیەوە بگاتە ئەم ئەنجامە کە شۆڕش لە وڵاتی (ئەلیف)دا، لە ڕووی



بەردەوامبوونی خۆیەوە، بەهۆی جیاجیا، بەستراوەتەوە بە شۆڕش لە وڵاتی (ب)دا، ئەمە هیچ حوکمێک سەبارەت بە ئەنتەرناسیۆنالیزم لە ڕوانگەی ئەودا بەدەستەوە نادات. ئەمە شیکردنەوەیەکی موشەخەسە کە دەکرێ بێ هیچ کەم و زیادێک لە سەنگەری شۆڕش لە وڵاتی (ئەلیف)ەوە ئەنجام بدرێت. مرۆڤ دەتوانێت ئەنتەرناسیۆنالیست بێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ شرۆڤەیەکی موشەخەسی ئاوا لەسەر پەیوەندی نەپساوی شۆڕش لە ڕوسیا و ئەڵمان هاوڕا یان موخالیف بێت. سەبارەت بە بابەتی تایبەتی ڕوسیا، بە پێچەوانەوە باسی ئێمە ئەوەیە، دەستکێشانەوە و کەمکاری لە درێژەدان بە شۆڕشی پرۆلیتێری تا گۆڕینی بناغەی ڕژێمی ئابووری لە ڕوسیا، خۆی لە خۆیدا بە مانای دەستکێشانەوە و کەمکاری لە ڕاگرتنی کرێکاری ڕوسی لە جێگا و شوێنی هێزێکی ئەنتەرناسیۆنالیست و کاریگەردایە. بەڵام ئەم مەوقیعەتە بەناو ئەنتەرناسیۆنالیستییەی ئۆپۆزیسیۆن، هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد، لە ڕاستیدا خۆی کەموکوڕییەکانی ڕوانگەی ئۆپۆزسیۆن و ڕووی هاوبەشی لەگەڵ خەتی ڕەسمیدا لە بەرامبەر سۆسیالیزم وەک شێوازێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو و پێداویستییەکانی ئەو لە کۆمەڵی ڕوسیای پاش شۆڕشدا، نیشان دەدات. سەرلەبەری باسەکانی ئۆپۆزسیۆن هەر ئەوەیە کە تەنیا شۆڕش لە ئەڵمانیای سەنعەتیدا، دەتوانێت ئەو ئاستە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان کە بۆ سۆسیالیزم حەیاتییە، بخاتە بەردەستی شۆڕشی پرۆلیتێرییەوە. ئەمە ڕوانگەیەکە کە لەودا ئیمکانیەتی بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ڕوسیا تا ڕادەی شۆڕش لە ئابووری ڕوسیادا، هەر لە سەرەتاوە ڕەت کراوەتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شۆڕشی ئەڵمانیا جێورێیەکی چارەنووسسازی لە ستراتیژی بۆلشەڤیکەکاندا هەبوو. دوورنمای چاوەڕوانکراوی ئەم شۆڕشە و ئەم ئاسۆ عەمەلییەی کە وەها شۆڕشێک لە ڕووی پرۆلیتاریا لە ڕوسیادا دەیکردەوە، خۆی یەکێک بوو لەو کارکردانەی کە وای کردبوو، هەنگاوەکانی دواتری شۆڕشی ڕوسیا لە زەمینەی ئاڵوگۆڕی ئابووریدا، ورد نەکرێتەوە.

بۆلشەڤیکەکان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ هاتنەدی ئاسۆی ئابووری خۆیان بە شۆڕشی ئەڵمانیاوە گرێ دابوو. بێ هۆ نییە، کە قسە و باس دەربارەی ئاسۆی دوورتری ئابووری ڕوسیا تەنیا کاتێک بە شێوەیەکی جیدی دەخرێتە ڕوو، کە ئیتر ڕوونەدانی شۆڕشێکی کرێکاریی لە ئەڵمانیا لانی کەم لە کورتماوەدا دەرکەوتبوو. دیسان بێ هۆ نییە کە خەتی ستالین لە بەرانبەر تێڕوانینی نەریتی لە حیزبدا کە چاوەڕوانی شۆڕشی ئەڵمانیا و ئەوروپا بوو، دیدگای خۆی ناودەنێت سۆسیالیزم **لە یەک وڵاتدا**. جێگای داخە ئەو حوکمەی کە لە تیۆری بۆلشەڤیزمدا لە لێکدانەوەیەکی دیاریکراودا، دەربارەی هەلومەرجی دیاریکراو لە دەورەیەکی دەستنیشانکراودا بەدەست هاتبوو، ئەمڕۆ لە لای بەشی زۆری چەپی ڕادیکاڵ بوو بە حوکمێکی تیۆریی گشتی دەربارەی مەحاڵبوونی پێشڕەوی ئابووری سۆسیالیستی لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا و دەربڕینێکی ئایدیالیستی، مەکتەبی لە شۆڕشی سۆسیالیستی، جێگای دەرکی زیندووی مارکس و لێنینی گرتۆتەوە. دەرکێک کە لە هەمان ئامۆژگاری و ئاماژەی دوو دێڕی ئەنگڵسدا دەربارەی ئەرکی پرۆلیتاریا لە پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات (لە ناویاندا ئەرکی کۆمۆنەی پاریس) ڕەنگی داوەتەوە.

بە هەر حاڵ لە بڕگەیەکی شۆڕشی ڕوسیادا، کە بە شێوەی واقیعی دەبوایە ئاڵتەرناتیڤی ئابووری پرۆلیتێری لە بەرامبەر ئاڵتەرناتیڤی ئابووری بۆرژوازیدا دابنرێت، دەورانێکە کە ئەرکی ئابووری شۆڕشی کرێکاریی، سۆسیالیستیکردنی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی کاری کرێگرتە، دەبوایە بە سیاسەتی ڕۆشنی ئابووری، کارگێڕی، حقوقی و بەرهەمهینان تەرجەمە بکرێت و لە بەرامبەر سەرمایەداری دەوڵەتیدا، کە لەژێر ئاڵای سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا تەرح دەکرا، دابنرێت. موناقەشات لە حیزبی بۆلشەڤیکدا لە قاڵبی ململانێی ناسیۆنالیزم و "ئەنتەرناسیۆنالیزم"دا دەچووە پێشەوە. ململانێی سۆسیالیزم و کاپیتالیزم **لە خودی ڕوسیادا** کەمڕەنگ بوو. بەم پێیە نە تەنیا لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا ڕیزبەستنی واقیعی بەدی نەهات، بەڵکوو بە



کەمکاری و دەستکێشانەوە لە **ڕەخنەگرتنی سۆسیالیستییانە** لە ئاڵتەرناتیڤی **ئابووری** ناسیۆنالیزم، زاڵبوونی ئەم مەیلە لە حیزبی بۆلشەڤیک و دەوڵەتی سۆڤیێتدا ئاسان بوو. ئەو ڕەخنە ئابوورییەی کە دەگیرا، چوارچێوەی سەرمایەدارانەی خەتی ڕەسمی نەدەدایە بەر هێرش، بەڵکوو لەسەر خێرایی سەنعەتیکردن و پەیوەندی لەگەڵ جوتیارەکان و شتی تر چەقی بەستبوو. لە یەک وشەدا بابەتی بنەڕەتی شۆڕشی پرۆلیتێری، ئابووری سۆسیالیستی، لەم مشتومڕانەدا نوێنەرایەتی نەکرا.

### 4_ سەبارەت بە سۆڤیێتی ئەمڕۆ

کۆمەڵگای سۆڤیێتی ئەمڕۆ سەرمایەدارییە. باسی وەک شێوەی بەرهەمهێنانی نوێ وە یان ئابووری سەردەمی گوزار، هەرگیز جێگای قبوڵ نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای ئێمە سۆڤیێت سەرمایەدارییەک بەو تایبەتییانەی سەرمایەداری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکادا نییە. بە بڕوای ئێمە سەرمایەدارییەک لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا بەدوای شۆڕشێکی کرێکاریدا سەقامگیر بووە و خۆی گرتووە. خسوسیاتی تایبەتی هەیە کە دەبێت بیان ناسین و شییان بکەینەوە. بوونی کاری کرێگرتە، بەکاڵابوونی هێزی کار و ڕێکخستنی بەرهەمهینانی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی کاری کرێگرتە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئابووری سۆڤیێت سەرمایەدارییە بەسن. بەڵام ئەوەی کە دەبێت لە زەمینەی تایبەتمەندییەکانی ئەم ئابوورییەدا ڕوون بکرێتەوە، دەکەونە ئاستی کۆنکرێتتر لەم تایبەتییە گشتی و خەسڵەتە دیاریکراوەی سەرمایەدارییەوە، وەکوو فاکتەری فرەسەرمایەیی و کێبەرکێ، چ سیستەمێک لە سۆڤیێت یا قانونەکان و پێداویستییە بناغەییەکانی سەرمایە بە شێوەی قانوونی دەرەکی و ماددی لەسەر سەرمایە ئاسان دەکات، سوپای زەخیرەی کار لەم کۆمەڵەدا چ شێوازێک دەگرێتە خۆی، زیدەبایی بە چ جۆرێک لە نێوان بەشە جیاجاکانی

هەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بەشە جیاجاکانی بەرهەمهێناندا بەش بەش و دابەش دەکرێت، دەوری بەها و بازاڕ لەم ئابوورییەدا چییە. لێرەدا ناچمە ناو ئەم باسانەوە. ئەمە مەیدانێکی زۆر گرنگی باسکردن و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە. ئەوەندە بەسە کە بۆچوونی خۆمان لە ڕووی جەدەلییەوە سەبارەت بە ماهییەتی ئابووری سۆڤێت دەرخستبێت. لەم زەمینەدا هەم من و هەم هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین، لە نووسینەکانی خۆماندا لە بارەی قسە و باسەکانی سوئیزی و بتلهایم خاڵگەلێکمان تەرح کردووە کە دەبێت هێڵە بنەڕەتییەکانی هەڵوێستی ئێمەیان ڕوون کردبێتەوە.

**5_ دەرسێکی پایەیی شۆڕشی کرێکاریی لە سۆڤێتدا**

بە زۆری چەپی ڕادیکاڵ لە ئەزموونی سۆڤێتەوە دەرسی "دیموکراسی"، یان دەرسی زەرورەتی پاراستنی "پوختەیی ئایدیۆلۆژیکییان" وەرگرتووە. هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە چۆن هەڵە تیۆرییەکان دەتوانن ڕێی شکستی شۆڕشی کرێکاریی خۆش بکەن، چۆن پێشێلکردنی توخمی دیموکراسی لە تیۆری سۆسیالیزم و لەبەر ئەوەش گوێنەدان بە پێشێلکردنی دیموکراسی لە پەیوەندییە ناوخۆییە حیزبییەکاندا وە یان لە دەزگای حکومەتدا دەتوانێت کاریگەریی تێکدەرانە بۆ شۆڕشی پرۆلیتێری بەدی بێنێت. ئەم گەڵاڵەکردنانە ئەگەر لە پایەی ماددی و مێژوویی خۆیان جیا نەکرێنەوە، ئەڵبەتە گرنگ و بە نرخن. وەلێ ئەمە هێشتا ئەو گرێیە ناکاتەوە، کە کۆمۆنیستی ئەمڕۆ دەبێت لە ئەزموونی شۆڕشی ڕوسیاوە فێری بێت، هەر ئەو مەسەلەیەی کە ئەنگلس لەسەر بناغەی ئەزموونی کۆمۆن جەختی لەسەر کردەوە. هیچ ڕادەیەک لە خۆسازدانی تیۆری ئێمەی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ، هیچ ڕادەیەک لە پەروەردەکردنی تیۆری ئێمە و هیچ ڕادەیەک لە تێگەیشتنی ڕەوشت و شێوەکارە دیموکراتییەکان لە ڕیزەکانماندا، ناتوانێت ئەوە زامن بکات کە لەو دەورانەدا کە شۆڕشی کرێکاری



شکڵ دەگرێت، ئێمە لە حیزبێک کە بە ئەندازەی حیزبی بۆڵشەڤیک بەدەسەڵات، پتەو، ڕووناکبین بێت، بەهرەمەند بین. ئەوەی کە ئێمە دەتوانین هەمان بێت و بە داخەوە بۆڵشەڤیکەکان بەو جۆرەی کە پێویستە لێی بەهرەمەند نەبوون، هەبوونی ئاسۆی ڕۆشنی ئابوورییە بۆ گۆڕینی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵ پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکارەوە. هەر کاتێک چینی کرێکار دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، کۆمەڵ لە ڕووی بابەتییەوە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی دەکاتەوە: کە قەرارە بەم دەسەڵاتە چی بکات؟ ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی شۆڕش لە شێوازی ئابووری کۆمەڵدا بەکار نەهێنێت، ئەگەر بناغەی موڵکایەتی و بەرهەمهێنانی بۆرژوازی نەگۆڕێت، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار وەک ئامرازێک نەخرێتە خزمەتی دامەزراندنی موڵکایەتی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی کاری کرێگرتەوە، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی **ئەو شۆڕشە ئابوورییە** بەکار نەهێنرێت کە تەوەری ڕۆحی شۆڕشی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا پێک دەهێنێت، ئەو کاتە هەموو سەرکەوتنێک بە شکست دەکەوێتەوە، ئەو کاتە تەنانەت سەرکەوتنی سیاسی کرێکاران کارێکی کاتی دەبێت و بە پێودانگی فراوانتری مێژوویی بێ ئەنجام دەمێنێتەوە. ئەمە دەرسی بنەڕەتیی شۆڕشی کرێکارییە لە ڕوسیا.

تێبینی:

_ ئەم باسە لە بڵاوکراوەکانی "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"یە. ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم باسەی لێ وەرگیراوە، باس نەکراوە. بەڵام تاکە سەرچاوەیەک لەو دەمەدا کە ئەم باسەی تیا بڵاو بووبێتەوە، بڵاوکراوەی "مارکسیسم و مسأله شوروی/ 3" بوو.

_ لە کاتی پیاچوونەوەی ئەم باسەدا، لە هەر جێگایەک نارۆشنییەک هەبووبێ، لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا بەراووردمان کردووە. سەرچاوەی دەقە فارسییەکە: " منتخب آثار منصور حکمت/ انتشارات حزب کمونیست کارگری_ حکمتیست/ چاپ اول، ژوئن 2005".

❊

سوپاسی زۆرمان بۆ هاوڕێ "فوئاد عەزیز" لە سویسرا، کە ئەم نامیلکەیەی لە کتێبخانەکەی خۆی بە ئێمە بەخشی.